https://doi.org/10.26682/chjuod.2021.24.1.1

گوڤارا زانکویا دهوك، پەربەندا:24، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وکومەلناسی)، بپ 1- 24، 2021 (ژمارەکا تایبەت)

کونفرانسێ زانستی یێ نیڤدەولەتی یێ دووێ، پشکا مێژوو–کولیژا زانستێن مروڤایەتی–زانکویا دهوك–رێکەفتی24-25 شوبات،2021

# شێواندنی وێنەی کورد وکوردستان لە سەرچاوە ئەمریکییەکاندا لە نێوان (1825-1914)

سامان حسێن ئەحمەد

بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلیجی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان–عیراق

*((مێژوویا رەزامەندیا بەلاڤکرنێ: 23 شوبات، 2021))*

## پوختە

**لە دوای ساڵی( 1822) ەوە،  کە یەکەم نێردەی مسیۆنەری ئەمریکی هاتۆتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی . هەمیشە کورد یەکێك بووە لەو گەلانەی ناوچەکە ، کە جێی بایەخی ئەوان بووە  و بە دەیان کاری ڕۆژنامەگەری و نووسین و لێکۆڵینەوە و یاداشتنامەیان لە بارەی کوردەوە نووسیوە، کە لە ئێستادا ئەم کارانە بەشێکی گرنگ لە کەرەستە و سەرچاوەکانی  مێژووی, ئابوری , کۆمەڵایەتی وسیاسی کورد پێك دەهێنن.  ئەم کارەی ئێمە هەوڵێکە بۆ کارکردن لەسەر ئەو سەرچاوە مێژوویانە ،بە تایبەتیش کارکردن لە سەر هەڵسەنگاندن و لەمەحەکدانی ئەو زانیارییە مێژوویانەی , کە لەو سەرچاوانەدا هاتوون ، بە تایبەتی ئەو زانیارییانەی کە شێواندنی تێدایە و کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر ڕاستییە مێژووییەکان و ڕۆڵی دەبێت لە شێواندنی وێنەی کەسایەتی تاکی کورد و هەروەها واقعی مێژوویی ئەو سەردەمە.**

**ئەم توێژینەوەیە لە پێنج تەوەرەی سەرەکی پێکدێت بەمجۆرە : تەوەرەی یەکەم تایبەتە بە قسەکردن لەسەر هاتنی ئەمریکییەکان بۆ ناوچەکانی کوردستان و ئەو کار وبەرهەمانەی ،کە ئەنجامیان داوە و زانیاری لە بارەی کورد و کوردستانەوە لە خۆ دەگرن .تەوەری دووەمیش، باسی ئەو شێواندنانە دەکات ، کە لەو سەرچاوانەدا لە بارەی ژیانی شارستانی کورد و کوردستانەوە لەو سەرچاوانەدا ئەنجامدراون و کورد وەك گەلێکی کێوی دەخەنەڕوو .تەوەرەی سێیەمیش , تەرخانکراوە بۆ تاوتوێکرنی ئەو زانیاریانەی , کە لەو سەرچاوانەدا لە بارەی دەرخستنی کورد وەکو گەلێکی توندوتیژ و شەڕانگێز و دەمارگیر هاتوون . تەوەرەی چوارەمیش , تایبەتکراوە بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ئەو سەرچاوانەی , کە کوردیان وەکو گەلێکی تاڵانچی و چەتەگەر خستۆتەڕوو . لە تەوەرەی پێنجەم و کۆتاییشدا,  هەندێك لەو هەڵە مێژووییانە خراونەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە ,کە لەو سەرچاوانەد لە بارەی مێژووی کوردەوە هاتوون .**

***کلیلە وشە:*** سەرچاوە ئەمریکییەکان ، شێواندن ، کورد ، وێنە

## پێشەکی

لە سەرەتای دەیەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە، کە یەکەم نێردەی مسیۆنەری ئەمریکی هاتۆتە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی, کورد یەکێك بووە لەو گەلانەی ناوچەکە ، کە جێی بایەخی ئەوان بووە و لەم ڕووەشەوە بە دەیان کاری ڕۆژنامەگەری و نووسین و لێکۆڵینەوە و یاداشتنامەیان لە بارەی کوردەوە نووسیوە، کە تیایاندا لەسەر تەواوی لایەنەکانی ژیانی کورد و کوردستان و کەسایەتی کورد کاریان کردووە، لە بارەی بەشێکی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە زانیاری و



saman.abdullah@univsul.edu.iq

سەرنجیان تۆمار کردووە، کە لە ئێستادا ئەم کارانە بەشێکی گرنگ لە کەرەستە و سەرچاوەکانی مێژووی ئابوری ,کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد پێکدەهێنن .بەڵام سەرەڕای ئەوەش تا ئێستا لەلایەن کوردەوە کەمترین بایەخ بەو سەرچاوانە دراوە و کارێکی زۆر کەمی لەسەر کراوە، هەر بۆیە ئەم کارەی ئێمە هەوڵێکە بۆ کارکردن لەسەر ئەو سەرچاوە مێژووییانە و کارکردن لە سەر هەڵسەنگاندن و لەمەحەکدانی ئەو زانیارییە مێژووییانەی , کە لەو سەرچاوانەدا هاتوون, بە تایبەتی ئەو زانیارییانەی شێواندنی تێدایە و کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر راستییە مێژووییەکان و رۆڵی دەبێت لە شێواندنی وێنەی کەسایەتی تاکی کورد , هەروەها واقعی مێژوویی ئەو سەردەمە.

ئەم توێژینەوەیە لە پێنج تەوەرەی سەرەکی پێکدێت: تەوەرەی یەکەم, تایبەتە بە قسەکردن لەسەر هاتنی (مسیۆنەرەئەمریکییەکان) بۆ ناوچەکانی کوردستان و ئەو کار و بەرهەمانەی , کە ئەنجامیان داوە و زانیاری لە بارەی کورد و کوردستانەوە لە خۆ دەگرن. تەوەری دووەمیش باسی ئەو شێواندنانە دەکات ,کە لەو سەرچاوانەدا لە بارەی ژیانی شارستانی کورد و کوردستانەوە ئەنجامدراون و کورد وەك گەلێکی کێوی دەخەنەڕوو. تەوەرەی سێیەم , تەرخانکراوە بۆ تاوتوێکرنی ئەو زانیاریانەی , کە لەو سەرچاوانەدا لە بارەی دەرخستنی کورد وەکو گەلێکی توندوتیژ و شەڕانگێز و دەمارگیر هاتوون . هەرچی تەوەرەی چوارەمە تایبەتکراوە بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی ئەو سەرچاوانەی , کە کوردیان وەکو گەلێکی تاڵانچی و چەتە و ڕێگر خستۆتەڕوو. لە تەوەرەی پێنجەم و کۆتاییشدا هەندێك لەو هەڵە مێژووییانە خراونەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە ,کە لەو سەرچاوانەدا لە بارەی مێژووی کوردەوە هاتوون.

لەم توێژینەوەیەدا زیاتر پشت بە میتۆدەکانی رەخنەیی و بەراوردکاری بەستراوە و زۆر جاریش بە مەبەستی زیاتر نزیك بوونەوە لە راستییەکان پشت بە میتۆدی گێڕانەوەی مێژوویی بەستراوە .

بە شێوەیەکی گشتی لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە پشت بە سەرچاوە ڕەسەنەکانی خودی ئەمریکییەکان ببەسترێت، کە لەو ماوە مێژووییەدا لە بارەی کورد وکوردستانەوە نووسراون.

## یەکەم : گرنگترین سەرچاوە ئەمریکییەکان لە بارەی کوردەوە لە نێوان 1825- 1914

سەرەتای ئاشنابونی ئەمریکییەکان بە کورد زیاتر لە رێگای ئەو مسیۆنەرانەوە بووە، کە لە دەیەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا روویان لە دەوڵەتی عوسمانی کردووە. کاری مسیۆنەریش لە ئەمریکا بە کارەکانی رێکخراوەی بۆردی ئەمریکی بۆ کۆمسیاری نێردە دەرەکییەکان ( American Board of Commissioners for Foreign Missions )دەستپێکردووە, کە لە سالی (١٨١٠ )دا بە مەبەستی کاری مسیۆنەری وبڵاوکردنەوەی ئاینزای پرۆتێستانتی لە ناوەوە و دەرەوەی ئەمریکا لە شاری بۆستن دامەزراوە. لە ساڵی( ١٨١٨ )دا یەکەم شاندی ئەم رێکخراوەیە ، کە لە( پلنگ فیکس) و( لیڤی پێرسونس) پێکهاتبوو رەوانەی دەوڵەتی عوسمانی کران. لە ساڵی

saman.abdullah@univsul.edu.iq

(١٨١٩)دا ئەم نێردەیە گەیشتە بەنـدەری ئیـزمیر و یەکـەم وێسـتگەی خۆیـان لـە مـەڵاتیا کـردەوە و دەستیان بـە گـەڕان کـرد لـە ناوچـەکانی دەوڵـەتی عوسمانیدا (Dogan,2013: 12-36). چالاکییەکانی ئـەم مسـیۆنەرانە لـە ناوچـەکەدا تـا دەهـات فراوانتردەبوو بـەو رادەیـەی لـە سـاڵی( ١٨٢١ )دا وێستگەیان لە قودس دامەزراند و لە( ١٨٢٥ )یشدا لە بەیروت . لە ساڵانی دواتـردا زیـاتر برەویـان بـە کارەکانیان دا , ئەوە بـوو لـە (١٨٣١)دا بنکـەی سەرەکیان لـە ئەسـتەنبول دامەزرانـد، دواتـریش لـە سـاڵی( ١٨٣٥ )دا بنکـەی ورمێـەیان لـە سـنوری دەسەڵاتی ئێران دامەزراند. هاوکات کارەکانیان لـە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیـدا فـراوانتر دەبـوو و ژمارەی ئەندامەکانیان لە ناوچەکەدا زیاتری دەکـرد, بەو رادەیەی , کە لـە سـاڵی( ١٨٣٦ )دا ژمارەیـان گەیشتە( ٤١ )مسیۆنەر، لـە سـاڵی( ١٨٣٥ )یشـدا هەریەکـە لـە وێسـتگەی ترابـزۆن و وێسـتگەی ئەرزرۆمیان دامەزراند و لە( ١٨٤٩ )شدا وێستگەی ئـــەنتابیان کـــردەوە( Erban,2000: 317"Kennedy,2008: 30"Laurie,1853:220).

لە نیوەی دووەمی سـەدەی نـۆزدەدا کـار و چالاکی ئەم رێکخراوەیـە لـە ناوچـەکانی دەوڵـەتی عوسمانی و بەتایبەتیش ناوچـە کوردییـەکان فـراوانتر بوو، ئەوەبوو لە ساڵی( ١٨٥٥) بەدواوە بنکەکانی مەرعـەش ,ئەدەنـە ,تەرسـوس و ئەسـکەندەرۆنە کرانـەوە(Goodell,1883: 99) و تادەهـات گرنگیـدانیان بـە ناوچـەکانی دەوڵـەتی عوسمـانی زیاتردەبوو بەرادەیەك , کە بەپێی خودی سـەرجاوە و ڕاپۆرتـەکانی رێکخراوەکـە, لـە کۆتـایی سـەدەی نۆزدەدا نزیکـەی یـەك لەسـەر سـێی بودجـەی ئـەم رێکخراوە بۆ ناوچەکانی دەوڵـەتی عوسمـانی خـەرج دەکرا , بە هەزاران دۆلاریان لە کردنەوەی کـۆلیج و نەخۆشخانە و قوتابخانە و بنکەی تەندروستی خەرج دەکرد، هاوکات ژمارەی مسیۆنەرەکانیش تا دەهات لـە زیادبونـدا بـوون بـە جۆرێـك ,کـە لەسـاڵی( ١٨٧٥ )دا( ١٣٧ )مسیۆنەریان لە ناوچەکەدا هەبوو، کەچـی لەسـاڵی( ١٨٩٠ )دا بـووە بـە( ١٧٧ )و لەساڵی (١٩١٣ )یشدا گەیشتۆتە( ٢٠٩ )مسیۆنەر. هەروەها تادەهات سنوری چالاکییەکانیشیان فراوانتر دەبـوو بـەو جـۆرەی کـە لـە سـاڵی( ١٨٨٠ )دا نزیکـەی( ٩٧ )کلێسـا و(٣٣٠ )فێرگـە لـە ژێـر چاودێریاندا بوو، بەڵام لە(١٩١٣ )دا بوو بـە(١٦٣ )کلێسـا و(٤٥٠ )فێرگـە و(٩ )کـۆلیج( ٩ ) نەخۆشخانەو( ١٠ )بنکـەی تەندروستی(Kennedy,2008: 49" Erban,2000: 317).

لەو کاتەدا , کـە مسـیۆنەرە ئەمریکیـەکان هاتنـە ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ئێـران بـەو پێیـەی , کە کورد بەشێك بوو لـەو دوو دەوڵەتـە، هاوکـات کوردستان ناوچەیەکی سەرسنوری ئێران و دەوڵـەتی عوسمانی و سەرەڕێگای گەشت وگەڕانـەکانیان بـوو، لـە لایـەکی تریشـەوە لـە بەرئـەوەی ئـەوان زیـاتر بایـەخیان بـە مەسـیحییەکانی چوارچـێوەی ئـەو دوو دەوڵەتە دەدا ، مەسیحییەکی زۆریش لە ناوچـەکانی کوردستاندا بوون ، کە وەك خۆیان گوتویانـە چیای نەستورییەکان لە کوردستان بوون ,هاوکـات ئـەوان زۆر بایەخیان بە ئەرمەن دەدا و ئەرمەنێکی زۆریش لە


saman.abdullah@univsul.edu.iq

بەشێك  لە ناوچەكانی  كوردستان دەژیان،  هەموو ئەمانە وایان كردووە ئەم مسیۆنەرانە  بایەخی زۆر بە ناوچەكانی كوردستان بدەن  و كورد ببێتە یەكێك لەو شەش گەلەی كە ئەوان بایەخی سەرەكیان پێداون( تورك, ئەرمەن ,گریك , بولگاری , عەرەبی, كوردی و ئەلبانی).

بەگشتی لە میانەی ئەو كارانەیاندا مسیۆنەرە ئەمریكییەكان كۆمەڵێك نووسین و كاری كۆكردنەوەی زانیاری و لێكۆڵینەوەییان لە بارەی كوردەوە ئەنجامداوە، كە دواجار ئەم كارانە وەك سەرچاوەی مێژووییان لێهاتووە لە بارەی بەشێكی زۆر لە لایەنە جیاجیاكانی ژیانی كورد لە سەدەی نۆزدەدا، كە دەكرێت ئەم سەرچاوانە بەمجۆرەی خوارەوە پۆلێن بكرێن:

یەكەم : گەشتنامەكان، واتا ئەو گەشت و گەڕانانەی گەشتیار و مسیۆنەر و دپلۆماتە ئەمریكییەكان لە ناوچەكەدا ئەنجامیان داوە و دواتر وەكو گەشتنامە  تۆماریان كردووە، كە لە میانەیاندا چەندین زانیاریان  لە سەر بارودۆخی ئابوری و كۆمەڵایەتی و سیاسی كورد تۆمار كردووە و دەكرێت وەك سەرچاوەیەكی مێژوویی ئەژمار بكرێن و سودیان لە ڕوویی مێژووییەوە هەبێت، كە ئەم گەشتنامانە بەچەند ڕێگایەك ئەنجام دراون , لەوانە خودی كەسەكە بۆ خۆی لە دووتوێی كتێبێكدا گەشتنامەكەی نووسیوەتەوە ,  بۆ نموونە گەشتەكەی (Horatio Southgate) ( ١٨١٢ –١٨٩٤ ), كە لە دووتوێی كتێبێكدا لە نیۆرك بە ناونیشانی( سەرگوزەشتەی گەشتێك بە ئەرمینیا ،كوردستان ، فارس و میسۆپۆتامیا)  بڵاوكراوەتەوە . نووسەری ئەم كتێبە سەرەتا باسی لە ئاینی ئیسلام و كەسایەتی محەمەد كردووە, دواتریش دەچێتە سەر باسی قورئان و سونە و شیعە وتیۆلۆجیای ئیسلام ئینجا سەرگوزەشتەی گەشتەكەی دەگێڕێتەوە ,كە لە ئەوروپاوە چۆتە ئەستەمبول و لەوێشەوە بەرەو ترابزۆن و بۆ ئەرزڕۆم  و موش و بەتلیس و وان, لەوێشەوە پەڕیوەتەوە بۆ كوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێران و لە سەڵماسەوە چۆتە ورمێ و خوی,  كە لە میانەی گێڕانەوەی گەشتەكەیدا چەندین زانیاری لەسەر باری جوگرافی وكۆمەڵایەتی و ژیانی ئابوری و سیاسی و داب و نەریت و جلوبەرگی ئەو ناوچانە تۆمار كردووە , كە پێدا تێپەڕیوە .

یەكێكی تر لەو كەسایەتیانە (Justin Perkins) ە (١٨٠٥ –١٨٦٩ ) ، پیركینس یەكەم هاوڵاتی ئەمریكییە,  كە هاتۆتە ئێران و بە حواری فارس ناسراوە و نزیكەی( ٨ ) ساڵ لە ئێران بووە , كە بیرەوەرییەكانی ئەو هەشت ساڵەی نووسیوەتە و لە ساڵی (١٨٤٣)دا بڵاویكردۆتەوە. سەرەتا بە باسی مەسیحییەكانی ناوچەكە دەستی پێكردووە و دوای ئەوەش باسی ئەو مسیۆنەرانەی كردووە, كە هاتونەتە ناوچەكە دواتریش سەربوردەی گەشتەكەی باس دەكات ,كە لە ماڵتاوە دەستی پێكردووە بۆ ئەستەمبول و لەوێشەوە بۆ ترابزۆن و ئەرزڕۆم و یەریڤان , لەوێشەوە پەڕیوەتەوە بۆ كوردستانی ئێرانی بۆ تەورێز و ورمیە و لەوێ ماوەتەوە ,كە گەڕاوەتەوە بۆ ئەمریكا ،باسی مانەوەكەی خۆی و سەربوردەكەی ساڵ بە ساڵ گێڕاوەتەوە و تۆماری كردووە , هەر لە( ١٨٣٦ )ەوە تا( ١٨٤١ ) . هەرچەندە ئەو زیاتر گرنگی بە ئەرمەن ومەسیحی داوە , بەڵام لە گەڵ

ئەوەشدا زانیاری زۆری لە سەر ژیانی ئابوری و كۆمەڵایەتی و زمان و ئاین و لایەنی سیاسی و جوگرافی و دیمۆگرافی كوردستان خستۆتەڕوو.

هەر پێركینس لە ساڵی (١٨٥١ ) دا بابەتێكی لە گۆڤاری( J.A.O.S ) بڵاوكرۆتەوە بە ناونیشانی (لە ورمێوە بۆ موسڵ لە ڕێگا شاخاوییەكانی كوردستانەوە و سەردانی شوێنەوارەكانی موسڵ )، كە تیایدا وردەكاری ئەو گەشتەی دەگێڕێتەوە , ئەو لە نەغەدە و سەڵماس و مهاباد و ناوچە سنوریەكانی ئێران و توركیا گەڕاوە و چۆتە سەر كێلەشین و لەوێشەوە هاتۆتە ڕەواندز بەرەو هەولێر و دواتر موسڵ , كە لە میانەی ئەم بابەتەدا چەندین زانیاری لە سەر مێژوو و ژیانی كۆمەڵایەتی و هۆزایەتی و جوگرافیا و دۆخی سیاسی ناوچەكە نووسیوە .

ئەساهێل گرانت (Asahel Grant) (١٨٠٧ –١٨٤٤ ), یەكێكی تر بووە لەو مسیۆنەرانەی هاتۆتە كوردستان، ئەم مسیۆنەریكی تری ئەمریكی بوو لە ئێران , كە بۆخۆی دەرچووی بەشی پزیشكی بووە, لە( ١٨٣٥) ەوە بۆردی مسیۆنەری ناردویەتی بۆ ناوچەكانی ئێران و تا مردنی لە ناوچەی موسڵ ئەو كاری لە نێو مەسیحیەكانی ئەو ناوچەیە كردووە، ئەو كتێبێكی بە دوو بەرگ لە سەر مەسیحییەكانی ئەو ناوچەیە نووسیوە, بە ناونیشانی( نەستورییەكان یان هۆزە ونەكان ),كە دوای ئەوەی باسی مەسیحییەكان دەكات دواتر دەچێتە سەر گێڕانەوەی گەشتەكەی , كە لە ئزمیرەوە دێتە ئەستەمبول و دەریای ڕەش و ترابزۆن و تەوریز و ورمێ و بەوردی دۆخی مەسیحییەكانی ناوچەكە و كوردیش دەگێڕێتەوە ،لە بەرگی دووەمیشدا , كە تایبەتە بە گەشتەكەی لە چیا نەستورییەكانەوە بۆ میسۆپۆتامیا ، ئامەد ، ماردین , دواتر لە ماردینەوە بۆ موسڵ ونەینەوای كۆن لەوێشەوە سەردانی ئێزیدییەكانی كردووە. دوای ئەوەش چۆتە ئاكرێ و ئامێدی ، كە باس لەو سەردانانەی دەكات بۆ لای هۆزە كورد و مەسیحیەكان كردوویەتی هەروەها باسی كارە پزیشكییەكانی دەكات ,كە لەو ناوچەیە ئەنجامی داون ,دواتر دەچێتە ناوچەی جولەمێرگ ، باسێكی بۆ مەسیحیكانی ناوچەكە تەرخان كردووە. ئەو لەو كتێبەدا زانیاری زۆری لە سەر داب و نەریت و هەڵسوكەوتی كورد تۆمار كردوە. هەروەها زانیاری لەسەر مێژووی كورد و جوگرافیای ناوچەكە و ڕەوشی سیاسی ناوچەكە باسكردووە.

یەكێكی تر لەو مسیۆنەرانە مۆسیس پایسۆن پارملیێ(Moses Payson Parmler ) بووە ،كە لە( ١٨٦٨ )دا بابەتێكی بە ناونیشانی( ژیان لە چیاكانی ئارارات) , نووسیوە و چەند تێبینییەكی لە بارەی كورد و زانیاری لە بارەی جوگرافیا و دیمۆگرافیا و لایەنی بیناسازی خەرپوتەوە نووسیوە .

هەروەها ئیس . جی . ویلسون ( Samuel Graham Wilson ) , كە نزیكەی (١٥ )ساڵ مسیۆنەربووە لە ورمێ و دوو ساڵ باڵیۆزی ئەمریكا بووە لە ئێران و دووكتێی لەسەر ئێران نووسیوە و تیایاندا باسی كوردستانیشی كردوە، یەكێكیان لە ساڵی( ١٨٩٥ )چاپكراوە بە ناونیشانی( ژیان و نەریتی فارس) , كە تیایدا زانیاری زۆری لە بارەی دانیشتوانی ناوچەی ورمێ بە كورد ومەسیحییەوە نووسیوە هاوكات وردەكارییەكی زۆری دەربارەی جوڵانەوەكەی شێخ عوبەیدوڵڵا نووسیوە ,كە خۆی


saman.abdullah@univsul.edu.iq

لەو كاتەدا لە شاری ورمێ بووە هەروەها زانیاری لە بارەی سروشت و جوگرافیای ناوچەكە نووسیوە.

گابرێل ئۆسانی (Gabriel Oussani ) , يەكێكی تر بووە لەو ئەمریكیانەی بابەتێكی لەبارەی( كلدان و نەستوری نوێ وە) نووسیوە و لە( ١٩٠١ ) دا بلاّوكراوەتەوە. لە سەرەتادا باس لەوە دەكات پێش ئەو چەندین كار لەسەر نەستورییەكان كراوە، بەلاّم ئەو هەلی بۆ رەخساوە سەردانی ناوچەكانیان بكات. ئەو لە سەرەتادا باسی مێژووی بلاّوبوونەوەی مەسیحیەت دەكات لە ناوچەكەدا، دواتر باسی ژیانی كۆمەلاّیەتی و رۆشنبیریان دەكات , دوای ئەوەش پەیوەندیان لە گەلّ كوردا باس دەكات و زانیاری لە بارەی زمانی مەسیحیەكان و ژمارەیان دەخاتەڕوو.

گەشتەكەی ئیلّ سۆرس هینتنگتۆن ( Ell Sworth Huntington ) ، كە جوگرافیناس وپرۆفیسۆری بواری كەشناسی بووە، یەكێكی تر بووە لەو گەشتنامانەی, كە سەربوردەی گەشتێكی خۆی بۆ ناوچەكانی سەرووی رووباری فورات دەگێڕێتەوە. تیایدا باسێكی چڕ و ئەكادیمیانە دەربارەی پێكهاتەی جوگرافی ناوچەكە لە ڕووی تۆپۆگرافیا و سروشت وئاو و هەوا و دیمۆگرافیا كراوە و كاریگەریان بەسەر ژیانی ئابوری و سیاسی كۆمەلاّیەتی ناوچەكە ڕوونكراوەتەوە.

جگە لەوانەی بۆ خۆیان گەشتنامەكانیان نووسیوەتەوە هاوكات بەشێكی زۆر لەو سەربوردانە لەو كارانەدا بلاّوكراونەتەوە ,كە بە ناوی مێژووی مسیۆنەری ئەمریكیەوە ئەنجام دراون بۆ نموونە ئەو كتێبەی , كە لە( ١٨٧٢ )دا( Rufus Anderson ) لەدوو بەرگدا نووسیویەتی بە (ناونیشانی مێژووی مسیۆنەرەكانی بۆردی ئەمریكی بۆ كۆمسیاری دەرەوە بۆ كلێسا رۆژهەلاّتیەكان ), كە چەند بەشێكی بۆ ئەو كەسانە تەرخان كراوە , سەردانی ناوچەكانی كوردستانیان كردووە و زانیاری زۆریان لە سەر كورد وكوردستان بلاّوكردۆتەوە. هەر لە( ١٨٧٢ )دا باتلیت ( S.C.Batlett ),كتێبێكی بە ناونیشانی خشتەی مسیۆنەرەكانی بۆردی ئەمریكی نووسیوە و تیایدا جگە لەوەی خشتەی ناوی ئەو مسیۆنەرانەی بلاّوكردۆتەوە ,كە چونەتە كوردستان، هاوكات زانیاری وردیشی لە سەر ناوچەكانی كوردستان تۆمار كردوە. هەروەها ئەو كتێبەی كە لە( ١٩١٣ )دا( David Brewer Eddy ), نووسیویەتی بە ناونیشانی( سەرنجی داهاتوو دەربارەی كاری بۆردی ئەمریكی لە رۆژهەلاّتی نزیك ) , كە سەربوردەی گەشت وگەڕانی چەند مسیۆنەرێكی ئەمریكی بۆ دەولەتی عوسمانی دەگێڕێتەوە و لە میانەشیدا بەشێك لە گەڕانەكان بە كوردستاندا باس دەكات و زانیاری لە بارەی كوردستانەوە لە خۆ دەگرێت .

جگە لە مانەش هاوكات چەند كەسێكی تر , كە هەندێكیان بۆخۆیان مسیۆنەر بوون سەربوردەی گەشتی چەند مسیۆنەرێكی دیاریان لە شێوەی ئینسكلۆپیدیادا تۆماركردووە, بۆ نموونە ( Dwight W. Marsh )لە( ١٨٦٩ )دا كتێبێكی نووسیوە و تیایدا وردەكاری ژیان و گەشتی بەشی هەرە زۆری ئەو كەسانەی تۆمار كردوە, كە گەشتیان بۆ كوردستان كردووە و چەندین زانیاری گرنگی دەربارەی ژیانی ئابوری وكۆمەلاّیەتی و زمانی كورد

تێدایە , کە خۆیشی زۆر جار تێبینی و زانیاری دەربارەی کورد نووسیوە. ئەمە جگە لەوەی بەشێکی کتێبەکە هەر بە ناوی کوردەوەیە و باسی ژیانی کۆمەڵایەتی و زمان و رەچەڵەك و جوگرافیای کوردستان دەکات. هەروەها (Thomas Laurie) لە( ١٨٥٣ )دا کتێبێکی بە ناونیشانی (دکتۆر گرانت وچیاکانی نەستورییەکان ) نووسیوە, کە مەبەستی ئەساهیل گرانتە لە چیاکانی کوردستان ئەمیش , جگە لە باسکردنی گەشتەکەی گرانت هاوکات چەندین تێبینی خۆی لەسەر ناوچەکە نووسیوە, کە زانیاری لە سەر جوگرافیاو مێژوو و لایەنی کۆمەڵایەتی وسیاسی کوردستان تێدایە.

لە لایەکی تریشەوە ئەو نامانەی ,کە لە لایەن ئەو مسیۆنەرانەوە نووسراون و نێردراونەوە بۆ ناوەندەکانی خۆیان لە ئەمریکا زانیاری لە بارەی کورد و کوردستانەوە لە خۆ دەگرن، بۆ نموونە لە( ١١/١٢ / ١٨٨٢ ) دا (Thomas Boyajian) لە ئامەدەوە نامەیەکی ناردۆتەوە. هەروەها ( A.M Iknadiqsian) لە(١٨٨٢/١٢/٦) دا لە عەنتابەوە نامەیەکی ناردووە ئەمانە و بەسەدان نامەی تری لەمجۆرە , کە ئێستا لە ئەرشیفەکانی ئەمریکا پاریزراون و هەندێکیان لە دووتوێی کتێبدا بڵاوکراونەوە ,کە زانیاری گرنگ لە سەر ناوچەکانی کوردستان لە خۆدەگرن.

**دووەم: کۆڕ وکۆڕبەندە زانستییەکان**

یەکێکی تر لەو سەرچاوانەی ئەمریکییەکان , کە زانیاری لە بارەی کوردەوە لەخۆدەگرن, بریتیە لەو کۆڕ و کۆڕبەندە زانستیانەی , کە لە چەند دەزگایەکی ئەمریکی تایبەت بە رۆژهەڵات و زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمیەکان ئەنجام دراون، بریتی بوون لە گفتوگۆی نێوان پسپۆڕ و شارەزا و رۆژهەلاتناسانی ئەمریکی و ئەوروپی, گرنگترینیشیان ( American Oriental Society) (A.O.S ) بووە, کە زیاتر بە( Society ) دەناسرا، ئەم دەزگایە یەکێك بوو لە کۆنترین کۆمەڵە زانستییەکانی ئەمریکا ,کە لە ساڵی( ١٨٤٢ ) ەوە دامەزرابوو و زۆر لە زانکۆی( Yale ) ەوە، نزیك بوو ,کە تایبەت بوو بە گرنگیدان بە لێکۆڵینەوە لە سەر رۆژهەڵات , لە( ١٨٤٣ ) دا گۆڤارێکی ئەکادیمی دەرکرد بە ناوی (J.A.O.S ). ئەم دەزگایە کۆڕبەندی مانگانە وساڵانەی هەبوو بۆ کۆبوونەوە و تاوتوێکردنی ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە رۆژهەڵاتەوە , بە تایبەت ئەو کارانەی لە لایەن مسیۆنەرەکانەوە ئەنجامدەدران لە ناوچکانی رۆژهەڵات و بە نامە بۆ ئەوان رەوانە دەکران، کە لەنێو ئەو نامە وباس وخواسانەدا هەندێکیان دەربارەی کورد وکوردستان بوون.

هەروەها ئەو سمینارانەی , مسیۆنەرەکان لە کاتی گەڕانەوەیاندا ئەنجامیان دەدا و تیایدا باسی کار وچالاکییەکانی خۆیان دەکرد لە ناوچەکانی رۆژهەڵات ,کە بەشێك لەو سمینارانە دەربارەی کوردستان بووە . هاوکات ئەو کارانەی مسیۆنەرەکان بۆ زانکۆکان ئەنجامیان داوە و دواتر زانکۆکان وەك کۆی کاری خۆیان بڵاویان کردۆتەوە , کە لە چەندین شوێن باسی گەشت و کارەکانی خۆیان کردووە لە کوردستان.

جگە لەوەی هەندێك لە ئەمریکییەکان کتێبیان دەربارەی چەند لایەنێکی ژیانی کورد نووسیوە, لەوانە (De.L.O.Fassum) کتێبێکی


saman.abdullah@univsul.edu.iq

لەسەر زمانی کوردی نووسیوە , لە( ١٩١٩ )دا بڵاویکردۆتەوە, کە لە بەراییدا بە کورتی باسی مێژوی کورد وزمانی کوردی ودیالێکتەکانی نووسیوە، دواتریش بە وردی باسی ئەلف وبێی کوردی وردەکارییەکانی رێزمانی کوردی نووسیوە .

**سێیەم : گۆڤار و رۆژنامەگەری**

یەکێکی تر لەو لایەنانەی , کە ئەمریکییەکان دەربارەی کورد تیایدا نووسیویانە بریتیە لە گۆڤار و رۆژنامەکانیان, دەکرێت وەك سەرچاوەیەکی ناسینی کورد لای ئەمریکیەکان تەماشا بکرێت , کە هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە لە ئەمریکا چەند گۆڤار و رۆژنامەیەکی ئەکادیمی و هونەری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەرکەوتوون. بەشێکیان تایبەت بوون بە رۆژهەڵات وبەشێکی تریشیان تەواو زانستی و ئەکادیمی بوون.

لە چەند گۆڤار و رۆژنامەیەکی دیار و بەناوبانگی ئەو کاتەی ئەمریکادا بە ناونیشانی راستەوخۆ بوو بێت , واتا بابەتەکە هەر بە ناوی کوردەوە بوبێت, یان لە چوارچێوەی بابەتی تردا, بەڵام پەیوەست بوبێت بە کوردستانەوە یان پەیوەندی بە کوردەوە هەبوبێت , بابەتی زۆر دەربارەی مێژوو و جوگرافیا و زمان و کلتور و ئاین و فەرهەنگی کورد بڵاوکراونەتەوە , کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەدەین وەك نموونە , لەوانە گۆڤاری( A.O.S ) , کە یەکێك لە کۆنترین گۆڤارە ئەکادیمیەکانی ئەمریکا بووە, چەندین بابەتی لە سەر کورد بڵاوکردۆتەوە، کە هەندێکیان هەر بە ناونیشانی کوردەوەیە وهەندێکی تریان کورد لە ناوەڕۆکدا باسی هاتووە.

لە یەکەم گۆڤاری ئەدەبی ئەمریکیدا کە لە (١٨١٥) دا لە بۆستن دامەزراوە بە ناوی ( North America Review NAR) لە( ١٨٥٦ ) دا, بابەتێکی دەربارەی رێگای فۆرات بڵاوکردۆتەوە, کە تیایدا باسی گرنگی ناوچەکانی کوردستان دەکات وەك سەرەڕێگای نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوا .هەروەها لە گۆڤاری ( The American Geographical Society) , کە لە سالی (١٨٥١) دا دامەزراوە ,چەند بابەتێکی دەربارەی کوردستان بڵاو کردۆتەوە .

لە گۆڤاری کۆمەڵەی ئەنترۆپۆلۆجی ئەمریکیدا (American Anthropologist) (A.A.A) , کە لە( ١٨٨٨ ) ەوە دەردەکرا، لە (١٩٠١ ) دا بابەتێك دەربارەی ئێزدییەکان بڵاوکراوەتەوە، هەروەها گۆڤاری ( The Annals of the American Academy of Political and Social Science) , بابەتێکی دەربارەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کوردستان و رێژەی دانیشتوانی کوردستانی بڵاوکردۆتەوە.

لە گۆڤاری ( American Journal of Semitic Languge and Literatures) ، کە لە لایەن زاکۆی شیکاگۆوە دەردەکرا و زیاتر بابەتەکانی لەسەر رۆژهەڵاتی نزیك بوو چەند بابەتێك دەربارەی کورد نووسراوە . هەروەها لە گۆڤاری ( the American Journal Archaeology and)شدا ,کە لە ( ١٨٨٥) دامەزراوە و زیاتر بایەخی بە شوێنەوار دەدا چەند بابەتێك دەربارەی کوردستان بڵاوکراوەتەوە.

جگە لەمانە لە گۆڤارە هونەرییەكانی ئەمریكا لەو ماوەیەدا بابەت دەربارەی كوردستان بڵاوكراوەتەوە, بۆ نموونە هەردوو گۆڤاری History of the و (American Art News) ( Fine Arts ) , كە دوو گۆڤاری هونەری بوون, چەند بابەتێك دەربارەی ئەنتیكەكانی كوردستان و بەرە و مافوری كوردستان بڵاوكراوەتەوە.

جگە لە گۆڤار هاوكات رۆژنامەكانی ئەمریكاش بابەتیان لە سەر كورد بڵاوكردۆتەوە لەوانەش (نیۆرك تایمز) , كە لە( ١٨٥٥) ەوە دەرچوە, لە لایەن كۆمپانیای نیۆركەوە, كە بایەخێكی زۆری بە ناوچەكانی كوردستان داوە و هەر لە ژمارە سەرەتاییەكانییەوە بابەتی دەربارەی كورد بڵاوكردۆتەوە, جا چ وەك هەواڵ یان راپۆرت و لێكۆڵینەوە .

لە راستیدا لەم بابەتانەدا, كە لای سەرەوە ئاماژەیان پێدرا زانیاری زۆر دەربارەی بەشی زۆری لایەنە جیاجیاكانی ژیانی كورد باسكراون و تاوتوێكراون، كە دەكرێت ئەو زانیاریانە وەك كەرەستەیەكی مێژوویی گرنگ لە بارەی مێژووی كوردستانەوە سودی زۆریان هەبێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ، هەندێك جار لەو سەرچاوانەدا شێواندنێكی روون لە بارەی كەسایەتی و شێوازی ژیان وشارستانی ناوچەكە بە دیدەكرێت, هەربۆیە لە باسەكانی دواتردا هەوڵ دەدین ئەو شێواندنانەی , كە لەو سەرچاوانەدا لە بارەی كورد و كوردستانەوە ئەنجامدراون تاوتوێ بكەین.

## دووەم : ناساندنی كورد وەكو كێوی لەو سەرچاوانەدا

یەكێك لەو بابەتانە ,كە لەو سەرچاوە ئەمریكییانەدا زۆر بەرچاو دەكەوێت بەكارهێنانی دەستەواژەی كێوی(Wild) ە بۆ كورد و ناوچەكانی كوردستان، بە جۆرێك دەگمەن سەرچاوەیان هەیە كاتێك باسی كورد یان كوردستانی كردبێت ( Wild Kurd یان Wild Kurdistan ) ی بەكارنەهێنابێت، ئەویش وەك ئاماژەدان بەوەی كورد گەلێكی سادە و سەرەتایی بووە و لە قۆناغێكی زۆر دواكەوتوییدا ژیاوە وكوردستانیش لە ئاستێكی زۆر سەرەتاییی بووە لە رووی شارستانییەوە. ئەو نووسینانە وادەردەخەن ,كە كوردستان جگە لە چەند خێڵێكی كۆچەری و گروپێكی كێویانە هیچ جۆرە شار و ژیانێكی جێگیر و شارستانی تێدا نەبووە .

لێرەدا هەوڵ دەدەین هەندێك لەو جۆرە دەربڕینە بخەینەڕوو ،كە لەمبارەیەوە لەو سەرچاوانەدا لەبارەی كوردستانەوە هاتوون . یەكێك لەوانە جوستن پێركنیسە، كە مسیۆنەرێكی ئەمریكی بووە و ماوەیەكی زۆر لە ناوچەكانی كوردستان كاری مسیۆنەری كردووە ،ئەو لەو كتێبەدا ،كە دەربارەی كاركردنی خۆیەتی لە ناوچەكانی ئەرمینیا وكوردستان دەڵێت : "حكومەتەكانی تورك و فارس هەوڵی زۆر دەدەن بۆ ئەوەی كوردەكان لە ژیانی كیویانەی چیاكان داگرنە خوارەوە و ئاویتەیان بكەن لە گەڵ گەلانی تری ژێر دەستەلاتیان"( Perkins,1840:192 ) ,واتە بە پێی ئەم دەربڕینە بێت ئەوا كوردەكان هەموویان ,چونكە


saman.abdullah@univsul.edu.iq

ئەو ناوچەی دیاری نەکردووە , لە هەردوو دەوڵەتی ئێرانی وعوسمانیدا گەلانی دوور لە شارستانی بوون و لە ناوچە شاخاوییەکاندا بە شێوەیەکی سەرەتایی وکێویانە ژیاون، بەم ژیانەشیان کێشەیان بۆ ئەو دوو دەوڵەت ناوەتەوە، بۆیە ئەوان هەوڵ دەدەن کورد لەو جۆرە ژیانە رزگار بکەن و ئاوێتەی ژیانی شارستانیانەیان بکەن . دوایت دەبلیوو مارش(Dwight .W.Marsh) ,مسیۆنەرێکی تری ئەمریکییە , کە لە سەدەی نۆزدەدا لە ناوچەکانی کوردستان کاری مسیۆنەری کردووە و دواتریش بەرهەمێکی دەربارەی سەربووردەی ئەو ماوەیەی کارکردنی لە ناوچەکانی رۆژهەڵات نووسیوە , تیایدا لە باسی ناوچە کوردییەکانی ناوچەی ئەرزەنجان و ورمێدا دەڵێت:" سەختترین و کێویترین ناوچەیە و دانیشتوانەکەشی کە کوردن کێوین" . (Marsh,1869:99)

لە لایەکی ترەوە ولیام ئی سترۆنگ (William E. Strong) ، کە کتێبێکی دەربارەی کار وچالاکییەکانی بۆردی ئەمریکی نووسیوە بە ناونیشانی (چیرۆکی بۆردی ئەمریکی)، لە باسی وێستەگەی مسیۆنەری خەرپوتی سەر بە ئەمریکییەکان دەڵێت: " لە وێستگەی خەرپوت لە( 1866 )دا چەند مسیۆنەریك بەڵێنی کارکردنیان داوە لە ناوچە کێوییە کوردییەکان لە رۆژهەڵاتی دیاربکر" (Strong,1910:220).

مسیۆنەرێکی تری ئەمریکی بە ناوی مۆسیس پایسۆن پارمیلی ( Moses Payson Parmelee ) ەوە، کە ماوەیەك وەك مسیۆنەری بۆردی ئەمریکی لە ناوچەکانی ئەرمینیا و کوردستان کاری کردووە , دواتریش بابەتێکی بە ناونیشانی (ژیان لە چیاکانی ئارارات)ەوە نووسیوە و لە (1868 )دا بڵاوکراوەتەوە, باسی وردەکاری گەشتەکەی دەکات , ئەو لە گەڕانەوەیدا لە ئەرزەڕۆمەوە باسی ئەوە دەکات, دوا بەشی رێگاکەیان ماوە، کە رێگایەکی شاخاوی و ناخۆشە و بەو ناوچانەدا تێپەڕ دەبێت ,کە تێکەڵ لەگەڵ کوردە کێوییەکاندا (Parmelee,1868:172).

لە ساڵی( 1876 ) شدا بارتلێت ( S.C Bartlett ), کتێبێکی دەربارەی مێژووی کاری مسیۆنەری بۆردی ئەمریکی لە تورکیا نووسیوە, بۆ خۆیشی مسیۆنەری سەر بەو رێکخراوە بووە ، کاتێك قسە لەسەر قوتابخانەکانی خۆیان دەکات لە ناوچە کوردییەکان راستەوخۆ دەستەواژەی ( Wild Kurdistan ) بۆ ناوچەکە بە کار دەهێنێت . (Bartlett,1867:25)

لە بابەتێکیشدا ،کە دەربارەی کڵێسای دێرینی نەستوری و کاریگەری لە سەر ئیستای کوردستان لە لایەن (E. W. MacDowell) نووسراوە، بەمجۆر باسی کوردستانی کردووە: زۆر شوێنێکی مەترسیدار بوو ,بوونی ئەو نەستورییانە لەو ناوچە شاخاوییە کێوییانە لە نێوان تورکیا و فارس ,کە تائێستاش پەتریارکەکیان لەناوچەکانی خۆیان حوکمیان دەکات (McDowell,1911:70) .

هەروەها لە بابەتێکدا ,کە دەربارەی مێژووی سەد ساڵی کاری بۆردە لە ناوچەکانی تورکیا لە (1906 ) دا (James L. Barton) , نووسیوییەتی، کە باس لە گەشتەکەی ئاساهیل گرانت دەکات دەڵێت ماوەی چوار ساڵ لە کوردستان مایەوە لە نێو هۆزە

كێوییەكان (Barton, 1906:748)، هەر بە هەمان شێوە ( Thomas Laurie ) یش لەو كتێبەدا كەدەربارەی گەشتەكانی گرانت لە ناوچەكانی چیاكانی نەستوورییەكان نووسیویەتی دەڵێت كوردەكان تەنها بە ناو لە ژێر حوكمڕانی فارس و توركن،بەڵكو ئازادییەكی كیویانەیان هەیە (Laurie,1853:104).

راستییەكەی خوێندنەوەی ئەم سەرچاوانە وا دەردەخات ، كە كوردستان لەو ماوەیەدا ناوچەیەكی زۆر دواكەوتوو وكێوی بووە. كوردیش بە گشتی گەلێكی كێوی بووە، كە ئەمە شێواندنێكی ڕوونە لە بارەی مێژووی كوردەوە، ڕەنگە هەندێك لەو ناوچانەی ئەوان پێیدا تێپەڕیون سادە و سەرەتایی بووبن و لە رووی شارستانییەوە لە چاو هەندێك لە ناوچەكانی دەوروبەر و رۆژئاوا دواكەوتووتر بووبن ، بەڵام ناكرێت ژیانی چەند شوێنێك بەسەر هەموو كورد و كوردستاندا گشتاندن بكرێت، ئەمە لە لایەك, لەلایەكی تریشەوە مەرج نییە ئەو ژیانە سادەییە ژیانێكی كێویانە بووبێت ، لەبەرئەوەی بە سەرنج دان لەو سەرچاوانە و قوڵبونەوە لە زانیارییەكان و بەراوردكردنیان بە سەرچاوە مێژووییەكانی دیكە, ئەم جۆرە دەربڕینانە دەكەونە ژێر پرسیارەوە و زۆر بە سانایی دەكرێت بەو راستییە بگەین , كە ئەم سەرچاوانە لەمڕووە زێدەڕۆییان كردووە و ناواقعیانە مامەڵیان لەگەل كورددا كردووە، ئەویش لەبەر چەند هۆكارێك لەوانە، هەر لە هەمان ئەو سەرچاوانەدا و هەر لەهەمان ئەو بابەتانەدا ,كە باسی كورد كراوە, لە هەمان ئەو ناوچانەدا باس لە نەستورییەكانی ناوچەكە و چیاكانی نەستورییەكانیش لە ناوچە كێوییەكانی كوردستان كراوە، كە بە پێی زانیارییەكانی خۆیان ئەوانیش لە رووی ژیان و خوێندەواری و شارستانییەوە هیچیان لە كورد زیاتر نەبووە و لە هەمان ئاستی ژیاندا بوون (Oussani ,1901:80) ، كەچی بە هیچ جۆرێك و تەنانەت لە یەك شوێنیش نەگوتراوە نەستوریە كێوییەكان، ئەمەش ئەوە دەردەخات ، ئەم دەستەواژەیە بە مەبەست بۆ كورد بەكارهاتووە، لە لایەكی ترەوە هەر لە هەمان ئەو سەرچاوانەدا بە دەیان زانیاری لەسەر شارە كوردییەكانی وەكو ئەرزەڕۆم، بەتلیس، وان، خەرپوت، ئامەد، چەندانی تر لەڕووی بازاڕ وبازرگانی وچەندین دیاردەی تری شارستانی و نیشتەجێی كراوە. ئەمانە جگە لەوەی، كە بە دەیان گەڕیدەی تری وڵاتە ئەوروپییەكان هەر لەو ماوەیەدا و بگرە زۆر پێشتریش بە ناوچەكانی كوردستاندا تێپەڕیون و بە دەیان زانیارییان لە بارەی شارەكانی كوردستان و ژیانی شارستانییەوە لە كوردستاندا نووسیوە. هەر بۆ نموونە( لیونهارت راوولف )ی هۆلەندی ، كە لە نیوەی دووەمی سەدەی شازدەدا , واتا نزیكەی دوو سەدە پێشتر گەشتێكی بە چەند ناوچیەكی رۆژهەڵاتدا كردووە , لە باسی كوردستاندا باسی چەند شارێكی كوردستانی كردووە، لەوانە لە باسی كەركوكدا گوتویەتی كەركوك شارێكی گەورە و جوانە (راوولف ، 2008 : 223)هەروەها باسی شارەكانی هەولێر و نەسیبین و بازرگانی و كاروانەكانی ئەو شارانەی كردووە, بۆ نموونە لە بارەی شاری ئۆرفاوە دەڵێت:" شارێكی زۆر خۆشە و تاڕادەیەك گەورەیە وبازرگانییەكی زۆر چالاكی


saman.abdullah@univsul.edu.iq

هەیە لە گەڵ حەلەب ودیمەشق و ئەستەمبۆل هەروەها ئێـــــران و هینـــــد وتەنانـــــەت ئـــــەورووپاش "(راوولف،2008: 225–243 ). هەروەها (جان باپتیست تاڤرنیێ ) ,لە گەشتەكەیدا , كە لە سـەدەی حەڤدەدا بە ناوچـەكانی ڕۆژهەڵاتـدا ئەنجامیـداوە بـە ناوچەكانی كوردستاندا تێپـەڕیوە بـاس لـەو شـارانە دەكات , كەپێیاندا تێپەڕیوە, وەكو ئامەد و ماردین و ئورفە و موسڵ و باس لەوە دەكات شاری قەرەباڵغن و خان و بازار و بازرگانی باشیان تێدایە. لـە بـارەی موسڵەوە دەڵێت:" شۆێنی بە یەكگەیشتنی بازرگانانی كورد وعەرەبە" (تافرنییە،2006: 30 –41).

هاوكات ئەگەر تەماشای سیاحەتنامەی ئەولیای چەلەبی بكەین, كە گەڕیدەیەكی توركە و لە سەدەی حەڤدەدا هاتۆتە كوردستان و زیاتریش لەو ناوچانەدا گەڕاوە ,كە ئەو مسیۆنەرە ئەمریكییانە پێیدا تێپەڕیون و لێی ماونەتەوە ، ئەو باسی بوونی چەند شارێك و دەیان سیمای شارستانی دەكات , بۆ نموونە ,كە باسی مەڵاتیە دەكات دەڵێت شارەكە لە( 32 )گەڕەك پێكهاتووە و(32 ) مزگەوتی تێدا , كە( 12 )یان نوێژی هەینی تێدا دەكرێت و چەندین حوجرە و تەكیەی لێیە و چەندین سەرا و كاروانسەرای تێدایە و بازاڕێكی ئاوەدانی هەیە و چ كوتاڵ وكاڵایەكت بوێت دەستت دەكەوێت و باسی ئەوە دەكات شارەكە بە دەرمانكاری وپزیشكی بە ناوبانگە، كە وەستا بەشارەتی كوردی بە ناوبانگترینیانە , ( 7 )گەرماوی خۆش ورازاوەی لێیە و پیشەگەری زۆرە و (7) كلێسای لێیە( چەلەبی،1979: 15–18), ئاماژە بەوەش دەكات ( 8) شار لە دەورەی مەلاتیە هەن (چەلەبی ،1979: 25 ). چەلەبی باسی مزگەوتەكانی شاری ئامەد و مێژووی شارستانی شارەكە دەكات هاوكات باسی ئەوە دەكات ,كە لەو مزگەوتانەدا فێرگە و خوێندن هەبوون(چەلەبی ،1979: 40–44) و دەڵێت چەندین خان و كاروانسەرای لێیە , باسی بازاڕەكانی شارەكە دەكات و دەڵێت نزیكەی( 60 )جۆر بازاڕی لێیە, كە چەندین پیشەیان تێدایە , دەڵێت ئەو چەك و شمشێر و خەنجەرەی لەوێ دروست دەكرێن لە دونیا بە ناوبانگن هەروەها باسی ئەدیب وشاعیرەكانی ئەو شارە دەكات, هاوكات باسی ئەوە دەكات ,كە پێشتر( 7 ) میوانخانەی تێدا بووە، بەڵام ئێستا لە بەر خرابی دەسەڵات نەماون. هەروەها باسی حەمامەكانی دەكات (چەلەبی ،1979: 48 – 51 ) ،ئەمانە جگە لە وەی ( جیمس برانت ),كە لە ساڵی( 1838) دا گەشتێكی بە چەند ناوچەیەكی كوردستاندا ئەنجامداوە وبەدەیان زانیاری دەربارەی چەند شارێكی كوردستان تۆماركردووە,لەوانە لە بارەی بەتلیسەوە دەڵێت :"ناوەندێكی بازرگانی گرنگە یەكێكە لە ناوەندە هەرە گرنگەكان لە نێو ئەو ناوەندانەدا كە سەردانم كردوون "(برانت ، 1989: 96 ) , ئەمانەو بە دەیان نموونەی تری لەمجۆرە، كە ناكرێت لێرەدا ئاماژە بە سەرەجەمیان بكرێت، بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بكەین، كە لەمڕووەوە , هەر بابەتێك لە بارەی شارەكانی كوردستان لە روانگەی ئەو گەڕیدە ئەوروپیانەوە، كە هاتوونەتە ناوچەكە نووسراوە. لەو بابەتەدا باسی ئەوە دەكات, كە بناغەی شارەكانی كوردستان زۆر لە سەردەمی ئیسلامی كۆنترە و دەگەڕێتەوە بۆ

سەردەمی هەزارەی یەکەمی پێش زاین (Gallitte,2001:114) ئەو دەلێت :"کورد ترادسیۆنێکی قولّی لە گەلٚ ژیانی شارنشینیدا هەیە ، کە لە هەولێرە و یەکێکە لە کۆنترین شارەکانی جیهان , کە ژیانی تێدا بەردەوامە "(Gallitte,2001:115)، ئەمانە وێڕای ئەوەی ,کە باسی ئەوە دەکات، لەو سەرچاوە ئەوروپییانەدا دیارترین ئەو شارانەی کوردستان ,کە لە رووی پێگەوە دیار بوون و باسکراون ئامێدی لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا ، هەولێر لە سەدەی هەژدەوە ، ئامەد و بەتلیس لە سەدەی نۆزدە و سلێمانی لە سەدەی نۆزدە و شارەکانی سنە و مهاباد ، لە سەدەی نۆزدەدا، باسی ئەوەش دەکات ،کە لە ئیمراتۆریەتی عوسمانیدا ئەم شارە کوردییانە هەبوون (کەرکوك ، هەولێر، موسلٚ سێرت ، ئامێدی ، بەتلیس، وان ، جولەمێرگ ،سلێمانی ، کۆیسنجەق ، زاخۆ ، رەواندوز)،کە لەو کارانەدا باس لە بازاڕ و مێژوو و لایەنی خوێندن و پاشماوە کۆنەکانی ئەو شارانە کراوە (Gallitte,2001:115-118).

هەمو ئەمانەش بە تەواوی ئەوە دەسەلمێنن , ئەو دەربڕینەی لەو سەرچاوانەدا بەرامبەر بە کورد بەکارهاتووە, کە کورد وەکو کێوی دەناسێنێت ,جگە لە شێواندنێکی روونی مێژوویی هیچی تر نەبووە و کوردستان لەو کاتەدا لە ژیانی کێویانەدا نەژیاوە وبە پێچەوانەوە چەندین شاری تێدا بووە.

**سێیەم :ناساندنی کورد وەکو خوێنڕێژ و شەڕانگێز و دەمارگیر**

بەشێکی زۆر لەو سەرچاوە ئەمریکییانەی، کە لە سەدەی نۆزدەدا و تەنانەت تا دوای جەنگی یەکەمی جیهانیش لە بارەی کوردەوە دواون، کورد وەکو گەلێکی دەمارگیر و شەڕانگێز باسدەکەن و کەسایەتی تاکی کورد وەك کەسایەتییەکی توندڕەو و خوێنڕێژ وێنا دەکەن. ئەوتا ئەساهێل گرانت لە چەند شوێنێکدا هەولٚ دەدات ئەم تایبەتمەندییانە بخاتە پالٚ کوردەوە و وەکو گەلێکی دڕندە ناویان دەهێنێت(Grant, 1843:4), ئەو کە باسی گوندە مەسیحیەکانی ناوچە شاخاوییەکانی ورمێ دەکات دەلێت لە ناوچەیەکی شاخاوین و رێگا بەرەو گوندەکانیان بە نێو کوردە خوێنڕێژەکاندا دەڕوات ئەوانەی بە غەدر( M . Shultz ) یان کوشت, کە یەکەم ئەوروپی بوو دەیویست بچێتە ئەو ناوچە مەسیحیانە هەروەها دەلێت کوردەکان ,کە ئاماژەی چەندبارە هەیە لەسەر ئەوەی رەگەزێکی شەڕانگێزن لە ناوچە شاخاوییەکانی نێوان فارس وتورك دەژێن لە وەچەی کاردۆخیای کۆن ( Grant, 1843:9-10).

لە ڕاستیدا ئەو سەرچاوە ئەمریکیانە زۆربەی جار وەکو ناوچەیەکی مەترسیدار و خوێناوی وێنای کوردستانیان کردووە بۆ نموونە( دوایت دەبلیو مارش ) کاتێك باس لە کردنەوەی وێستگەی مسیۆنەری خۆیان دەکات لە ناوچەی ورمێ ئاماژە بەوە دەکات ,کە ئەمریکییەکان پێویستە بزانن ناوچە شاخاوییەکان خوێناوی ومەترسیدارن (Marsh,1869:74).

لە لایەکی ترەوە لەو سەرچاوانەدا کەسایەتی تاکی کوردی بە شێوەیەکی زۆر دڕندە قسەی لەسەر کراوە و شێوێندراوە، بۆ نموونە( David Brewer Eddy)، کە باسی ئیسلامەکانی چوارچێوەی


saman.abdullah@univsul.edu.iq

دەولەتی عوسمانی دەكات لە نیویشیاندا باسی كـورد دەكات، دەلێت: "لە ناوچە شاخاوییەكاندا دەژیـن ، توندرەو و دەمارگیر ، توند وتیژ و شـەڕانگیز ،هـیچ كات بە تەواوی ملكەچـی دەسـەلاتی تـوركی نـابن (Eddy, 1913 :45) هـەروەها ( S.G.W. Benjamin ) ، كە سیاسـەتمەدارێكی ئـەمریكی بـوو لـەو ماوەیـەدا لـە ئێـران بـووە و چـەند كتێبێكـی دەربارەی ئێران نووسیوە، لە یەكێك لە كتێبەكانیدا، كە باسی مسیۆنەری ئەمریكی دەكات لە وڵاتی ئێران دەڵێت : :"مسیۆنەرە ئەمریكیەكان لە وڵاتی فارسـدا لە ناو سێ چینی ئیسلامدا كاری مسیۆنەری دەكەن , كە یەكێكیان زۆر توندن بە حەرام تەماشای ئەم كارە دەكەن, ئەوانیش كوردەكـانن لـە رۆژئـاوا ، ئـەمان هەرچەند فەرشـی سەرسـوڕهێنەر دروسـت دەكـەن، بەڵام پێدەچێت هۆكـارێكی تـر بـۆ بوونیـان نـەبێت ,چـونكە ڕەگـەزێكی توندوتیـژ و توینـوی خـوێنن" (Benjamin , 1886:44).

لە لایـەكی تـرەوە لـەو سەرچـاوە ئەمریكیانـەدا هـەوڵی زۆر دراوە بـۆ دەرخسـتنی كـورد , وەكـو ئەنجامدەری سەرەكی لە كوشتاری ئەرمەن و كوشت وبڕی مەسیحییەكانی ناوچەكە و هەڵكوتانە سەریان و كاول كردنی لادێكانیان، ئـەوان هەمیشـە ویسـتویانە ناوچە كوردییەكان وەكو ناوەندی سەرەكی و چـەقی ئەو كوشتار و قەسابخانانە بخەنەڕوو, كە بەرامبـەر بـە ئەرمەن و مەسـیحییەكان بـە گشـتی كـراوە( The new york times ,april 25 , 1909) ,بۆ نموونـە گابریل ئوسانی دەڵێت: "مەسیحییەكان ئێستا لە نێـو كـــــــوردە دوژمنـــــــەكانیان دەژیـــــــن" (oussani,1901:80) هـــــەروەها تیایانـــــدا نووسیویەتی كورد ئیسلام ومەسـیحییەكان لـەوەتـەی لە پاڵ یەكترن دوژمنن.

راستییەكەی لە بارەی بەشداری هەندێك لە كوردەكان لە شەڕی ئەرمەن و هەڵكوتانە سەر مەسیحییەكان و هەندێكجار دژایەتیكردنی مسیۆنەرەكان ، ئەمانە دیاردەگەلێكن لە زۆر شوێنی ئەوكاتەی دەولەتی عوسمان لە نێوان گەلانی ئیسلام و نا ئیسلام روویان داوە و وەكو مێژووش دەریخستووە زۆربەی جار دەولەت دەستی تێدا هەبووە، بۆیە كوردیش وەكو گەلێكی ئیسلام لەو مەودا مێژووییەدا، لەم دیاردانە بێ بەری نەبوون، لەمباریەشەوە بێنەوبەرەی زۆر كراوە و دەركەوتووە، كە كورد وەكو نەتەوە لە كوشتاری ئەرمەندا تاوانی نییە. لە لایەكی تریشەوە پێویستە هەڵوەستە لەسەر ئەو دەربڕینە بكرێت، كە لەو سەرچاوانەدا هاتووە و كورد وەكو دوژمنی مەسیحییەكان و ئەرمەنەكان دەناسێنێت ,چونكە بە پێچەوانەوە ئەوەی بەشی زۆری سەرچاوەكان دەریدەخەن، كە لە باسەكانی دواتردا بە وردی ئاماژەیان پێدەكرێت، ئەوەیە كە كورد بە چاوی رێزەوە تەماشای ئەوانی كردووە و ئەوان مێژوویەكی دوور ودرێژیان لە دراوسێیەتی كورد هەیە لە ناوچەكەدا و هاوبەشی كوردن لە دامەزراندنی شارستانی ناوچەكە و پەیوەندییەكی دۆستانە لە نێوان كورد و ئەواندا هەبووە، بە لەبەرچاو گرتنی ئەو راستییەی لەبەر ئەوەی كورد ئیسلام بووە و ئیسلامیش باڵادەست بووە، هاوكات ناوچەكەش لە ژێر دەستی كورددا بووە بۆیە هەندێكجار كورد وەكو لە خوارتر تەماشای كردوون، بەڵام سەرەڕای ئەوش بە درێژایی ئەو

مێژووە ئەمان توانیویان بە هەمان باوەڕ و ئاینی خۆیانەوە لە ناوچەکەدا بمێننەوە و بە پێی قسەی خودی ئەو مسیۆنەرانە لە هەندێك ناوچە هەر خاوەن دەسەڵاتێکی نیمچەسەربەخۆ بوون و لەلایەن قەشە و پتریارکەکانی خۆیانەوە بەڕێوەبراون (McDowell,1911:70) ، ئەمە جگە لەوەی کە مانەوەی کۆنترین کڵێسا و دێر و ناوەندە ئاینییەکانیان ئەو راستییە دەردەخەن، کە ئەوان لە کوردستان بەو جۆرە ستەم لێکراو نەبوون، کە لەو سەرچاوانەدا هاتوون .

سەبارەت بە کەسایەتی تاکی کورد و توندڕەوی و خوێنڕێژی و دەرخستنی بەو جۆرە زەقـە لـە چـاو گەلانی ناوچەکدا ئەوا بە روونی زێدەڕۆییـەکی زۆر لەو بارەوە دەبینـدرێت ، کـە زیـاتر لـە هەڵوێسـت دەچـێت نـەوەك دەربـڕینی واقعیـك , ئـەوەی لـەو سەرچاوانەدا لەم بارەیەوە دەردەکەوێت زیاتر بریتییـە لە گوزارشتکردنی مسیۆنەرێکی مەسـیحی ، کـە لـە نێو گەلێکی موسڵماندا هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئـاینی مەسیحی دەدات ، کـە زۆر بـەروونی و بـە ئاشـکرا دیارە لایەنگیری لە مەسیحییەکان وایان لێ دەکـات ئەمجۆرە هەڵوێسـتەیان بەرانبـەر بـە کـورد هـەبێت و بەروونی لە نووسـینەکانیاندا رەنـگ بداتـەوە ، هـەر بۆیـــە دەرکـــەوتنی ئـــەمجۆرە دەربڕینـــە و وەهـــا تەماشـاکردنی کـــورد لـــە لایـــەن ئەمریکییـــەکانی ئەوکاتەی ناوچەکەوە, چەند هۆکـارێکی هـەبووە ، لەوانـە هۆکـاری هەرەسـەرەکی پەیوەنـدی بـەوەوە هەبووە ,کە ئـەوان مسـیۆنەری مەسـیحی بـوون لـە ناوچـەکە و زۆریـش نزیـك بـوون لـە مەسـیحی وئەرمەنـەکانی ناوچـەکە ،بـەڵام لـە نـاو کـورددا کاریگـەرییان زۆر کـەم بـووە و ئـەمان هەمیشـە کوردیان وەکو بەربەستێك بۆ چـالاکییەکانی خۆیـان زانیوە و لە چەندین شوێندا باس لەوە دەکەن , کـە ناوچـە کوردییـەکان بـۆ کـار وچـالاکی ئـەوان مەترسیدار بووە و کورد بە ئاسانی نەهاتۆتە ژێر باری ئـەوان (Marsh,1869:101) , چـونکە هەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی ئـاینی مەسـیحی لـە نێـو گەلێکی ئیسلامی وەکو کورد لـە سەدەی نـۆزدەدا , بێگومـان پەرچـەکرداری دەبێـت، بـە تایبـەت ئـاینی مەسیحی و هەوڵدان بۆ بە زیاتر زانینی مەسیحییەکان لە کوردستان، کـە بـە درێـژایی مێژوویـەکی دوور ودرێژ کورد خۆی لە وان بە باڵاتر بینیـوە، ئەمـەش وای کـردووە زۆرجـار لـە نـاو کوردەکانـدا ئـەم مسیۆنەرانە ئازار بـدرێن ولێیـان دەسـتگیربکرێت و بکوژرێـت و تەنانـەت هێـرش بکرێتـە سـەر وێستگەکانیان (Wilson ,1895:97)، کـە ئـەمیش جارێکی تر هەر بە شـێوەیەکی گشـتی نـەبووە و لـە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاواز بووە و لە هـەموو شوێنەکان وەکو یەك نەبووە، هاوکات بە پێی قسـەی خودی مسیۆنەرەکان دەستی دەسـەڵاتی لـە پشـتەوە بووە و لە چاو ناوچـەکانی تـردا لـە هـەمان ئاسـتدا بووە.

لەلایەکی تریشەوە هۆکـارێکی تـری پشـت ئـەم هەڵوێستەیان بەرامبەر بە کورد لەوێوە هـاتووە، کـە ئەمریکییەکان مێژووی هاتنیان بۆ ناوچەکە زۆر کـەم بـووە، بۆیـە زانیارییـەکی زۆریـان لەسـەر مێـژووی ناوچەکە و مێژووی کورد نەبوو. ئەمە جگـە لـەوەی ئاشنایەتیان بەرامبـەر گـەلانی ناوچـەکە و سیسـتەمی دەسەڵاتی عوسمانی و ئێرانی کەم بوو، ئەمانـەش وای


saman.abdullah@univsul.edu.iq

كردبوو بۆ وەدەستهێنانى زانيارى لە بارەى ناوچەكەوە, يان پشت بەسەرچاوە رۆژئاواييەكانى تر ببەستن, يان لە زارى دەسەڵاتى ناوەندييەوە زانيارى وەدەست بخەن، كە لەو كاتەشدا نە ئێران و نە دەوڵەتى عوسمانى، جگە لە چەند هۆزێكى كۆچەرى وياخى و دەمارگێر زياتر هيچ زانيارييەكيان لە بارەى كوردەوە پێ نەدەدان و هەميشە وايان تێگەياندوون ئەمانە چەند هۆزێكى كێوى توندڕەو و چەتە و ياخين.

لە راستييدا جارێكى تريش گەڕانەوە بۆ سەرچاوەكان و بەراوردكردنى زانيارييەكانى بە زانيارييەكانى سەرچاوە ئەمريكييەكان ئەو راستييە رووندەكاتەوە ,كە لێرەشدا ئەو سەرچاوانە زێدەڕۆييان كردووە وبەشێكى زۆر لە راستييەكانيان شێواندووە، چونكە ئەگەر لە سەرچاوەكانى ترى رۆژئاواييەكان وردبينەوە، كە لە هەمان مەوداى مێژوويدا نووسراونەوە دەردەكەوێت, كە راستە پرسى كەسايەتى تاكى كورد و تايبەتمەندييەكانى بێنەوبەرەيەكى زۆرى لە نێو گەڕيدەكاندا ناوەتەوە و لەمڕووەوە راوبۆچوونى جياواز خراونەتەڕوو، كە سەرەڕاى ئەوەى وەكو گەلێكى توند باسى كورد كراوە، بەڵام لە هەمان كاتدا زۆر جاريش باسى ئەوە كراوە ,كە كوردەكان كەسانى سادە وميواندۆستن و رێزى كەسانى غەريب دەگرن. هەروەها پابەندن بە بەڵێنەوە، هاوكات باسى ئەوەش كراوە كوردەكان بوێر و ئازا و بەهێزن. (السندى ،2002: 14 – 27 ) ، لێرەدا هەوڵ دەدەين بۆ نزيك بوونەوە لە راستييەكان و گەيشتن بە پوختەى ئەو بۆچوونانە ئەو شيكردنەوەيە بخەينەڕوو , كە باسيل نيكيتين لەم بارەوە كردوويەتى، ئەو لەو تاوتوێيەدا باس لەوە دەكات , كە كورد هەمووى يەكجۆر نەبوون و لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێك وبە جياوازى شێوازى ژيان وچۆنييەتى دابينكردنى بژێوى، تايبەتمەندى كەسايەتييان جياوازە ، ئەو لەو بارەوە ئەو بۆچونانە تاوتوێ دەكات ،كە دەريدەخەن بەشێكى زۆر لە تايبەتمەندييەكانى كەسايەتى كورد ،لەوانەش بوێرى و ئازايەتى و شەڕكەرى و هەندێك جار توندييەكەى, رەنگدانەوەى ئەو سروشت و ژينگە دژوارە بووە ، كە كوردى تێدا ژياوە و بەشێكى تريشى پەيوەندى بە ژيانى كۆمەڵايەتى و باڵادەستى خێل و هۆز و سيستەمى دەرەبەگايتيەوە هەبووە ، نيكيتين هەوڵ دەدات ئەو بۆچونە بخاتەڕوو , كە ناكرێت بە گشتى قسە لەسەر سروشت و تايبەتمەندى كەسايەتى تاكى كورد بكرێت, چونكە لە نێوان هۆزێكەوە بۆ هۆزێكى تر ولە ناوچەيەكەوە بۆ ناوچەيەكى تر جياوازييەكى زۆر هەيە، هەر لێرەشەوە ئەوە روون دەبێتەوە ، كە هەندێك لە رۆژئاواييەكان لە بارەى كوردەوە بە تايبەتى كوردانى باشور و ناوەڕاست، باس لەوە دەكەن ,كە سەرەڕاى توندوتيژى و زوو هەڵچونيان، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا كورد بلێن پارێزن و هەست و سۆزى مرۆڤانەيان بەتايبەتى بەرامبەر بە ئافرەت لە ئيسلامەكانى تر زياترە و حەزيان لە شيعر وئەدەبە. ئەو لە زارى گەڕيدەيەكى فەرەنسييەوە, كە لە( 1887 )دا هاتۆتە ناوچەكە باس لەوە دەكات, كە سەرەڕاى ئەوەى كوردان توندوتيژن ,بەڵام نەفس بەرزن و زۆر پابەندى بەڵێنن. هاوكات ئاماژە بەو بۆچوونەى ميلينگن دەكات، كە دەڵێت تێكەڵبوونى تايبەتمەندييە چاك وخراپەكان لە كەسايەتى كوردا ئەوە تايبەتمەندييەكى

هاوبەشی هەموو کۆچەرییەکانە بێ جیاوازی , جا کورد بێت یان عەرەب یان هەرچییەك، بەڵام کوردەکان بە پێی بۆچوونی زۆربەی توێژەران رێز لە میوانداری دەگرن , ئەو کەسانە دەپارێزن کە روویان لێ دەنێن. هاوکات باس لە بۆچوونەکانی ویگرام دەکات، کە دەڵێت لە گەڵ ئەوشدا کوردی خۆشنەدەویست و مسیۆنەر بوو، بەڵام ئاماژە بەوە دەکات توندڕەوی لەتایبەتمەندی کورد نییە و ئەو ئاماژەی بەوە داوە کە تایبەتمەندی سروشتی تاکی کورد لە هەزارەی یەکەمەوە تا( 1900 ) , گۆڕانێکی وای بەسەردا نەهاتووە. ئەوان گەلێکی بەهرەدارن و بە هێزن و زۆربەی کات مامەڵەیان باشە (نیکیتین ،2012 :117 –135 )، هەموو ئەمانەش بە روونی ئەو بۆچوونانەی لەوسەرچاوە ئەمریکیانەدا لە بارەی کەسایەتی تاکی کوردەوە هاتوون و ئەو گشتاندنەی ئەوان لەمڕووەوە بەسەر تەواوی گەلی کوردا کردوویانە دەخەنە ژێر پرسیارەوە ،چونکە بە تەواوی دەردەکەوێت ،کە ئەو تایبەتمەندیانەی وەکو توندی و زوو هەڵچوونی کورد , تایبەتمەندی هەموو کورد نەبووە و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازە, هاوکات ئەوش دەردەخەن ، کە کورد تینوی خوێن وشەڕانگێز نەبوون , بەڵکو ئازا وشەڕکەر و تارادەیەك سروشتی زوو هەڵچوونیان هەبووە، ئەمە جگە لەوەی , کە لەو سەرچاوانەدا باسی چەندین تایبەتمەندی تری ئەرێنی کورد کراوە، کە لە بەشێکی تری گەلانی ناوچەکەدا بە دی ناکرین ، بەڵام ئەمانە زۆر بە دەگمەن لە سەرچاوە ئەمریکییەکاندا ئاماژەیان پێدراوە، بەڵکو ئەوان تەنها وەکو خوێنڕێژ و مەترسیدار باسی کوردیان کردووە ،کە هەروەك ئاماژەی پێکرا ئەمیش هەڵوێستێکی مسیۆنەرانە بووە بەرامبەر بە کورد .

**چوارەم : ناساندنی کورد وەکو چەتە و ڕێگر**

لە سەدەی نۆزدەدا و لە ناوچەیەکی وەکو کوردستاندا لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دواکەوتووی, وەکو دەوڵەتی عوسمانی و باڵادەستی سیستەمی دەرەبەگایەتی و خێڵەکیدا، دیاردەکانی تالآنی و چەتەگەری دیاردەگەلێکی زۆر نامۆ نەبوونە و بە پێی سەرچاوە مێژوویەکان بێت , لە بەشی هەرە زۆری ناوچە جیاجیاکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بە دیکراون بە ناوچە کوردییەکانیشەوە. ئەم دیاردەیە نەك هەر لە وشکانی , بەڵکو لە دەریاکانیشدا هەبووە, بۆنموونە جاکسۆن کە گەریدەیەکی بریتانی بووە و لە کۆتایی سەدەی هەژدەدا هاتۆتە ناوچەکە باسی ئەو چەتانە دەکات, کە لە ئاوەکانی نێوان بۆمبای و بەسرا توشیان هاتووە (جاکسون، 2000: 20–23) هەمان حاڵەتی چەتەگەری و روتاندنەوە باس دەکات لە ناوچەکانی خواروی عێراق (جاکسون 2000 : 64–67 )، کەواتە ئەم دیاردەیە پەیوەندی بە تینی بە سیستەمی خێڵەکی وهۆزایەتییەوە هەبووە نەك تایبەت بێت بە گەلێك یان نەتەوەیەکەوە.

بەڵام ئەوەی لەو سەرچاوە ئەمریکیانەدا بە دیدەکرێت بە رادەیەکی زۆر زەقکردنەوەی ئەو دیاردەیەیە لەناوچەکانی کوردستان، نەك هەر ئەوە ,بەڵکو لە هەندێك شوێن هەر وەك نەتەوە کورد بە تاڵانچی و چەتە و رێگر ناوزەد دەکەن , لێرەش وەکو دیاردەکانی پێشو هەوڵ دەدەن ئەو دیاردەیەی،


saman.abdullah@univsul.edu.iq

كە لە نێو چەند كەسايەتييەك و گـروپ و هۆزێكـدا هەبووە بەسـەر هـەموو كوردسـتاندا بگشـتێنن و وا دەربخەن، كە كورد هـەمووی و هـەر وەك نەتـەوە , نەتەوەيەكی دز و تالانچـی و چـەتەن و رێگـرن، بـۆ نموونـە( ئـی دەبليـو مەكـداول ), كـە باسـی لـە ناوچـوونی دەستنووسـە كۆنـەكانی مەسـيحييەكانی ناوچەكانی كوردستان دەكات, باس لـەوە دەكـات كاتێك , كە كەپر و خانوبەرەكانی مەسيحييەكان لـە لايەن باجگرە توركەكان وچەتە كوردەكانەوە وێـران دەكـران (McDowell ,1911:72)، واتـە, كـە باسی توركەكان دەكات وەكو باجگر باسيان دەكات , بەڵام , كە قسە لەسەر كورد دەكات وەكـو چـەتە دەيان ناسێنێت .

دوايت دەبليو مارشيش ئەوە دەگێڕێتـەوە ، كـە (Mr. Rhea) لە يەكێك لـە سمينارەكـانی بـاس لـە ونبوونی ئەو نوسخە كۆنـەی ئينجيـل دەكـات ، لـە چياكانی كوردستان لـە لايـەن چـەتە كوردەكانـەوە (Marsh,1869:25-26)، هـــەروەها وليـــام ئـــی سـترۆنگ (William E. Strong ), كـە بـاس لـە تێكچونی بارودۆخ دەكات لە ساڵی( 1884 ) دا , دەڵێت چەند بانديكی كوردی دەياندا بەسەر شـار و گوندەكاندا (Strong,1910:287)، هەروەها كاتێك باسـی دۆخـی خراپـی مسـيۆنەرەكان دەكـات لـە دەولەتی عوسمانی وئێران باس لەوە دەكـات مسـتەر كۆچران , لە لايەن سەرۆكيكی كـوردەوە دەسـتگير كراوە وتالانكراوە (Strong,1910:205)،ئەمە جگە لـەوەی كـە بـەورديش بـاس لـە چـەتە كوردەكـان دەكات لە ناوچەی ديار بەكر(Strong,1910:209-210).

موسيس پايسۆن پارميلی لـەو كاتـەدا كـە باسـی گەڕانەوەی دەكات بە رێگاكانی كوردستاندا و ناوی كورد كێوييەكان دێنێت ،دەڵێت ،كە زۆربەی كـات رێگـــری و تالّـــانی لـــە گەشـــتيارەكان دەكـــەن (Parmelee,1868:172) .

ئەمانەو جگە لەو بابەتانەی , كە لەو ماوەيەدا لە رۆژنامـەی نيـۆرك تـايمز بڵاودەبوونـەوە دەربـارەی خوێنرێژی كورد و هێرشيان بـۆ سـەر ئەرمەنـەكان و تالانكردنيان ,بۆ نموونە لە يەكێك لەو بابەتانەی ،كـە لەلايەن مسيۆنەرێكەوە نووسراوەتەوە بـە ناونيشـانی (شەيتان و لە شێوەی مرۆڤـدا ) , دەڵێـت شـەيتانە كوردەكـان لـە( 1894 )دا هێرشـيان كـردە سـەر مەسـيحييەكان وتێكيـان شـكاندن و دەستيانبەسـەر سامان وماڵيـاندا گرت و ئەوەی بە دەستيانەوە هات برديان لـە ژن و منـدال و تەنانـەت ئـاژەڵيش( The New York Times, 16 november ,1896 ).

لە راستيدا هەر وەكو پێشتريش باسـكرا بـە پێـی ئاماژەی سەرچاوەكان بێت لـەو ماوەيـەدا ديـاردەی تالّـانی وچـەتەگەری لـە ناوچـەكە بـە گشـتی ولـە كوردستانيش هەبووە ، بەڵام نەك بـەو جـۆرەی لـەو سەرچـاوە ئەمريكيانـەدا دەردەكـەوێت ,كـە كـورد وەكو نەتەوە تالانچی بوون ، چونكە ئەم دياردەيـەش پەيوندی بە شێوازی ژيان و ئاستی گەشەسەندووی لە رووی ئـابوری وكۆمەڵايەتييـەوە هـەبووە، بۆيـە لـە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی تـر و لـە ناوچـەيەكەوە بـۆ ناوچەيەكی تر، تەنانەت لە هۆزێكەوە بۆ هۆزێكی تـر جياواز بووە و پەيوەندی هەبووە بـە شـێوازی ژيـانی هۆزەكان و دۆخی ئـابوری وكۆمەڵايەتييانـەوە، ئـەم دياردەيە زياتر لە نێـو ئـەو هۆزانـە و هەنـدێك جـار

گروپانەدا باو بووە , کـە لـە رووی مێژووییـەوە لـە قۆناغی خێڵ تێنەپەڕیون و پەیوەندی بەتینیان بە ژیـانی گروپ و هۆزەکی سەرەتاییەوە هەرمابوو، هەر بۆیـە هەندێك لە رۆژئاواییەکان ژیانی ئەوکاتەی کوردیـان بە هۆزەکانی ئەوروپا بەر لە چەند سەدەیەك بـەراورد کردووە،چـونکە ئـەمجۆرە دیاردانـە لـەو قۆناغـە مێژووییەدا لە هەر شوێنێکدا بێت ئامادەگیان هەیـە و بەشـێکی گـرنگ لـە ژیـانی ئـابوری وکۆمەڵایـەتی پێکـدێنن، کوردسـتانیش بـە پێـی دۆخـی ئـابوری وکۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی, لـەو ماوەیـەدا لێـرەو لەوێ ئەمجۆرە دیاردەیەی تێدا بووە، کە ئەو شـێوازە ژیانەی ئەوکات باوبووە کاریگەر بووە لە مانەوەی ئـەمجۆرە دیاردەیـە ,لەوانـە لـە هەنـدێك ناوچـەی کوردستاندا، هەندێك هۆزی کورد هەمیشـە لەبـەر رەحمەتی هێرشی هۆز و گەلانی دەوروبـەردا بـووە و ئەگەری تالآنکردنی هەبووە, لەلایەن هۆزە عـەرەب و ئەرمەن و تورکەکانەوە، بۆیە تالآن بۆتە بەشێك لـە ژیانی ئاسایی ئەو هۆزانەی لەمجۆرە هێرشـەوە نزیـك بوون. لە لایەکی تریشـەوە ژیـانی هەنـدێك هـۆزی کۆچەری , کـە تـا ئـەوکاتیش هـەر لـە شـەڕی بـە دەستهێنانی ئاو , لەوەڕگا، هاوینە هـەوار و زسـتانە هەواردا بوونە لەگەڵ هۆزەکانی دەوروبەریدا، ئەمەش وای کردووە ئەمجۆرە هێرشە بەشێك بێت لە ژیانیان. بە دیوێکی تریشـدا هەنـدێك هـۆز هـەر پیشـەیان و دابینکردنی بژێویان لە سەر چەکداری وجـەنگاوەری بووە, تایبەت لە ناوچەکانی سەر سـنور, هەنـدێك گرووپیش هەبووە و هەر لە شێوازی زۆر سەرەتاییدا ژیاون و لە دابینکردنی بژێویدا پشـتیان بـە تالـآن و چەتەیی بەستووە لە بـەر ئـەوەی کـە زەوی و زار و مەڕ ومالآت و هیچ پیشەیەکیان نەبووە ، بۆیە پشتیان بـەمجۆر ژیانـە بەسـتووە، ئەمـەش بـە روونـی لـەو چاوپێکەوتنەدا دەردەکەوێت، کـە ئەسـاهیل گرانـت لەگەڵ یەکێك لە ئەندامانی یـەکێك لـەم گروپانـەدا کردوویەتی و لە میانەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکاندا بە روونی دەردەکەوێت، کە ئـەوە بـۆ ئـەوان وەکـو پیشـە وابـووە, چـونکە ئـەوان زەوی وزار و مـەڕ ومالآتیان نەبووە و دەسـەلآتیش هاوکاریـان نـەبووە، بۆیە هەر لەسەر ئەمجۆرە ژیانە ماونەتەوە، کە بـە پێـی قسەی ئەو داهاتەکەی باشـتر بـووە و لـە ماوەیـەکی کەمـــــدا دەســـــتکەتێکی زۆریـــــان دەســـــت کەوتووە(Grant, 1843:11-13) . بـەڵام ئـەوەی راسـتی بێـت ئەمانـە کەمینەیـەکی کـەمی کوردیـان پێکهێناوە لەو کاتـەدا , کـە ئـەم کەمینەیـە لـە نێـو زۆربەی گـەلانی ناوچـەکانی رۆژهەڵاتـدا بەرێـژەی جیاواز بوونیان هەبووە ، نەك ئەمە پیشەی کورد بێت بە گشتی وەك لەو سەرچاوانەدا دەخرێتەڕوو .

**چوارەم :هەندێك هەڵەی مێژوویی**

لە پاڵ ئەو شێواندنە زەقانەی لـە بـارەی کـورد و کوردسـتاندا ئەنجامـدراون، هاوکـات لـە نێـو زانیارییـەکانی بەشـێك لـەو سەرچـاوانەدا هەڵـەی مێـژوویی زەق لـە بـارەی مێـژووی ناوچـەکەوە ئەنجامدراوە، کە هەندێکیان هەر لە ئەنجامی هەڵوێستی مسـێونەرانە و کینـەی مەسـیحیانەی ئەوانـەوە سەرچاوەی گرتـووە، هەنـدێکی تریشـیان بـە هـۆی ناشارەزاییانەوە لە بارەی مێژووی ناوچەکەوە بـووە. بۆ نموونە ولیەم سترۆنگ لە شوێنێکدا باسی کـوردە قزلباشەکان دەکات، بـە پاگـانی واتـا بـت پەرسـت ناویـان دێنێـت (Strong,1910:223)، ئەمـەش لـە


saman.abdullah@univsul.edu.iq

راستیدا بێئاگایی و نەشارەزایی ئەو لــە بــارەی ئــاین وئاینزاكانی ناوچەكە بەگشتی , هاوكات خودی ئەم ئاینزایــەش دەردەخــات , ئــەمجۆرە قســەكردنەش لــە بارەی ئەم ئاینزایــەوە هەڵەیــەكی مێژووییــە، چــونكە ئەگەرچــی رەچــەڵەك و مێــژووی ئــەم قزلباشــانە تارادەیەك جێی مشتومڕە لە نێو پسپۆرانی ئەم بوارەدا و بــە پێــی هەنــدێك لــە نــەریت و ســروتەكانیان وا دەردەكەویت , كە پەیوەنــدییان بــە ئاینــە كۆنــەكانی وەكو میترایی و زەردەشــتی و مەســیحیەوە هــەبێت، بەڵام ئەوەی روونە ئەوەیە، كە ئەمانە بــت پەرســت نەبوون، ئەمە لــە لایــەك, لەلایــەكی تریشــەوە لــە سەردەمی ئیسلامدا ئەمانە بە تەواوی كەوتونەتــە ژێــر كاریگــەری ئــاینزای شــیعەوە، بەتایبــەتی پــەیڕەوانی دوازدە ئیمام(احمــد ،2003 \ج2: 570 ) ، واتــا ئەمانە لەو كاتەدا بت پەرســت نــەبوون و زیــاتر لــە باوەڕی شیعەوە نزیكبوون تایبەت پەیڕەوانی دوازدە ئیمام .

دوایت مارش لە بارەی ئاینی كوردەوە دەڵێــت : " كوردەكان سەرجەمیان ئیســلامی ســونەن و زۆر خورافی وتوندڕەون "(Marsh, 1869:100)، كە ئــە مــیش زۆر بــە روونــی دیــارە هەڵەیــەكی مێــژوویی گەورەیە چونكە ئەوە زۆر ئاشكرایە , كە لەو كاتەدا كوردەكان هەمووی ئیسلامی سوونە نــەبوون بــەڵكو شیعە و كاكەیی و ئێزیدی و چەندین تیرەی تری ئاینی تێدا بووە . هەروەها لە بابەتێكدا , كە لە رۆژنامــەی نیۆرك تایمزی ئەمریكی لە بارەی كوردەوە نووسراوە باســی ئــەوە دەكــات , كــە كــورد لــە ســەردەمی كەزەنەفونــەوە دوژمــنی ئەرمەنــەكانن ( The New york Times ,26 April, 1900)، ئەمیش جــارێكی تر هەڵەیەكی مێژووییە ،كــە بــەو رەهاییــە بگوترێــت كورد و ئەرمەن بە درێــژایی مێــژووی دراوســێیەتیان دوژمن بوون، چونكە ئەگەرچی ناوە ناوە كێشــە لــە نێوان ئەو دوو گەلــەدا هــەبووە ، بــەڵام ئــەوەی لــە سەرچــاوە مێژووییەكانــدا هــاتووە پێچــەوانەی ئــەوە دەسەلمێنێت , كە ئەمانــە دوژمــنی هەمیشــەیی بــووبن ،بەڵكو زیاتر ئەوە دەردەخەن ، كە كورد و ئەرمــەن دەمێــك ســاڵ لــەو ناوچــانە پێكــەوە ژیــاون و هاوبەشبوون لە دامەزرانــدنی بنــەما شارســتانییەكانی ناوچــەكە و بــە درێــژایی ئــەو مــاوە دوور و درێــژە پەیوەندییە ئابوری وكۆمەڵایەتییــە بــەهێزەكانی نێــوان كورد و ئەرمەن نەپچڕاوە (توفیق،2014 : 37 ) ، ئەوەی لە دەقــە ئەدەبییــە كلاســیكییەكانی ئەرمەنــدا هاتووە بایی ئەوەن , ئەوە روون بكەنەوە كــە كــورد وئەرمەن دراوسێی گونجاو وباش بوون (سافراستیان ، 2008 :58 )، تەنانــەت لــە ســەردەمی میرنشــینە كوردییەكانیشدا ئەرمەن و كورد دوژمنی هەمیشــەیی نەبوون ، بەڵكو هەندێك لە ئەرمەنەكان لە میرنشــینە كوردییەكاندا حوكومڕانی خۆیان هەبووە, وەكو لــە ناوچــەكانی زیتــون و ساسـۆن , تەنانــەت هەنــدێك سەرچاوە باس لــەوە دەكــەن , كــە ئــەو پەیوەندییــە بەتینەی لــەنێوان ئــەو دوو گەلــەدا هــەبووە لــە نــاو گەلانی تردا بەدی ناكرێت و ئەوان یەك تەواوكــەری یــــەكتر بـــــوون (توفیـــق ، 2014 : 37– 38) هەروەها مەلا مەحمودی بایەزیدی باسی ئەو پەیوەندیــە ئــابوری وكۆمەڵایەتییــە تەندروســتەی نێــوان كــورد وئەرمەن (بایزیــدی ,2010 :108–19)دەكــات , هاوكات( ا. یرمیان) باســی ئــەوە دەكــات , كــە تــا ناوەڕاســـتی ســـەدەی نـــۆزدەش چـــۆن دەرەبەگـــە

کوردەکان پارێزگارییان لە ئەرمەنەکان, لە بەرامبەر فەرمانبەرە درِندەکانی تورك کردووە و دەڵێت لە سەردەمی حوکمرِانی میرە کوردییەکاندا زۆرێك لە ئەرمەنەکان پلەو پایەی راوێژکارییان هەبووە یان هاریکاری سەرکردە و بەگە کوردەکان بوون و پەیوەندییەکی بەتینیان هەبووە و ئەرمەنەکان زۆر لە ئەماندا ژیاون , بە پێچەوانەوە تەنانەت لە سەدەی نۆزدەشدا کورد وەکو دوژمن تەماشای ئەرمەنی نەکردووە , بەڵکو ئەوان هەردوولا هەمان کێشەیان هەبووە ،کە ئەوان گەلانی رەسەنی ناوچەکە بوون و لەلایەن تورکیاوە داگیرکراون (توفیق ، 2014 : 39- 42 ) هەروەها زانیارییەکان ئەوە دەردەخەن کوردەکان رێزیان لە ناوەدە ئاینییەکانی مەسیحی و ئەرمەنی گرتووە هەر وەکو مێژوونووسی ئەرمەنی کارۆ ساسۆنی باسی ئەوە دەکات , کە بە شێوەیەکی گشتی رێز لە دامودەزگا ئاینییەکانی ئەرمەن دەگرن و دێر و کلێساکان وەکو ناوچەی پیرۆز تەماشا دەکەن, ئەمەش لە بەر ئەوەی ئەوان رێز لە ئاین و پیاوانی ئاینی دەگرن و ئەم رێزەشیان لەوەوە هاتووە، کە ئەوان رێز لە ئەرمەن دەگرن (توفیق ، 2014 : 47), ئەمانە و جگە لەوەی بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان کورد و ئەرمەن لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا لە چەندین بزوتنەوەدا لە دژی عوسمانییەکان هاوکار وهاوپەیمان بوون (توفیق ، 2014 : 47 – 48) .

## ئەنجامەکان

لەدوای ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە و گەرِان بە نێو بەشێك لەو سەرچاوە ئەمریکیانەی, کە لە سەدەی نۆزدەدا لە بارەی کوردەوە زانیاری لە خۆ دەگرن بە چەند ئەنجامێك گەیشتین لەوانە:

ئەمریکییەکان لە دەیەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە وەکو مسیۆنەر هاتونەتە ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی ، لە میانەی کارەکانیاندا هاتونەتە ناوچەکانی کوردستان و ئاشنایەتیان لە بارەی کوردەوە پەیدا کردووە ، ئەمەش وای کردووە لە کار وبەرهەمەکانیاندا لە بارەی کوردەوە بنووسن و زانیاری زۆر لەو سەرچاوانەدا دەربارەی لایەنە جیاجیاکانی ژیانی کورد تۆمار بکەن .

هاوکات بەوە گەیشتین، کە هەرچەندە لەو سەرچاوانەدا زانیاری زۆر لە بارەی کوردەوە تۆمار کراون و ئێستا سەرچاوەیەکی مێژوویی رەسەنن بۆ بەشێك لە مێژووی کورد لەو سەردەمەدا، بەڵام سەرەرِای ئەوەش لەو سەرچاوانەدا هەندێك زانیاری نادروست و شێواندن دەربارەی کەسایەتی و رەوشی شارستانی و ژیانی کورد تۆمارکراون , بۆ نموونە ناساندنی کوردستان وەکو ناوچەیەکی کێوی و دوور لە ژیانی شارستانی. هەروەها خستنەرِووی تاکی کورد وەکو کەسایەتییەکی خوێنرِێژ وشەرِانگێز ، هاوکات دەرخستنی کورد وەکو گەلێکی تاڵانچی وچەتە و رێگر ، هەروەها بەو ئەنجامە گەیشتین کە بەشی زۆری ئەم شێواندنەی ئەوان لە بارەی کوردەوە کردوویانە لەوەو سەرچاوەی گرتووە ، کە ئەمان وەکو مسیۆنەر هاتونەتە ناوچەکە و کوردیش گەلێکی ئیسلام بووە وبەئاسانی نەچۆتە ژێر باری ئەوانەوە ، هاوکات ئەوان کوردیان لە چاوی مەسیحییەکانی ناوچەکەوە هەڵسەنگاندوە ، ئەمە جگە لەوەی ئەوان لە روانگەی هەڵویستی


saman.abdullah@univsul.edu.iq

**دەسەڵاتەكانى ئێران و توركياوە تەماشاى كورديان كردووە ،كە ئەوان هەميشە هەوڵيان داوە كورد وەكو كێوى وتوندڕەو و خوێنڕێژ و چەتەو ڕێگر بناسێنن ، ئەمانەو لە پاڵ ئەوەدا كە ئەوان لە گەڕانەكانياندا هەموو كوردستان نەگەڕاون و تەنها چەند ناوچەيەك گەڕاون و هەوڵيان داوە بەسەر هەموو كوردستاندا بيگشتێنن ، هەروەها ئەوان بە هۆى ئەوەى مێژووى هاتنيان بۆ ناوچەكە قوڵنەبووە بۆيە زانياريیەكانيان لە بارەى گەلانى ناوچەكە وكورديش لە ئاستێكى كەمدا بووە.**

## سەرچاوەكان


### يەكەم : بە كوردى

**چەلەبى ،( 1979) . كورد لە مێژووى دراوسێكانيدا ، سياحەتنامەى ئەوليا چەلەبى ، و: سەعيد ناكام ، چاپخانەى كۆڕى زانيارى كورد ، بەغدا .**

### دووەم :بەعەرەبى

احمد ، جمال رشيد , (2003 ). ظهور الكورد في التاريخ ,ج2 ,دار ئاراس للطباعة والنشر , اربيل.

بايزيدي, محمود ,(2010).رسالة في عادات الاكراد وتقاليدهم ,ترجمة جان دوست , هيئة ابو ظبي للثقافة والنشر , ابو ظبي .

برانت ، (1989 ). رحلة المستر جيمس برانت الي المنطقة الكردية عام 1838 ,ت. حسين احمد جاف ,بغداد .

تافرنييه، جان بابتيست، (2006 ). رحلة الفرنسي تافرنييه الي العراق في قرن السابع عشر سنة 1676 , ت. كوركيس عواد و بشير فرنسيس , دار العربية للموسوعات,بيروت.

توفيق ،هوكر طاهر,( 2014 ) . الكرد والمسألة الارمنية 1877-1920 , بيروت –اربيل .

جاكسون ،( 2000 ). مشاهدات بريطاني عن العراق 1797 للرحالة الانكليزي المعروف جاكسون , ت. د.خالد فاروق عمر ,الدار العربية للموسوعات ,بيروت .

راوولف، ليونهارت، ( 2008 ) .رحلة الهولندي الدكتور ليونهارت راوولف, الي طرابلس – دمشق –الرقة – دير الزور –بغداد– عانة – الفلوجة –هيت –كركوك – اربيل. ت. د. سليم احمد خالد,الدار العربية للموسوعات ،بيروت.

سافراستيان، ارشاك ، (2008 ). الكرد و الكردستان ،ت.احمد محمود الخليل ،سليمانية .

السندي، بدرخان,( 2002 ). المجتمع الكردي في المنظور الاستشراقي ,دار اراس للطباعة والنشر ,اربيل.

**نيكيتين ، باسيلي ، (2012) .الكورد دراسه سوسيولوجيه و تاريخيه ت. نوری گالبانی اربيل.**

### سێيەم : بە ئينگليزى

Bartlett ,S.C,d,d, ,(1876 ).Historical Sketch of the Missions of the American Board in Turkey, Boston .

Dogan, Mehmet Ali .(2013),American Board of Commissioners for Foreign Missions (ABCFM)and Nominal Christians, Elias Riggs (1810 -1901),and American Missionary Activites in the Ottoman Empire.

Erban,Cegri.(2000),Ottoman Official Attitudes Towards American Missonaries, International Confrence on ‘the United States and the Middle East: Cultural Encounters,Yale University

Eddy, David Brewer,( 1913). What Next in Turkey Glimpses of the American Boards work in the Near East , Boston.

Grant, Asahel , (1843).The Nestorians ;or The Lost Tribes, London.

Laurie ,Thomas,( 1853).Dr. Grant and the Mauntain Nestorians , rev., Boston .

Marsh, Dwight .W. ,( 1869).The Tennesseean in Persian and Koordistan being Scenes and Incident in the Life of Samuel Audley Rhea, Philadelphia.

Kennedy, W. Judd.(2008),American Missionaries in Turkey and Northern Syria and the Development of Central Turkey and Aleppo Colleges, 1874-1967,College of William and Mary Publish.

Goodell,William.(1883),Forty Years in the TurkishEmpire ,NewYork.

Moritz, Wanger. (1856),travel in Persia, Georgia and Kurdistan, Vol.(3),Hurst and Blacket, London.

Parmelee, Moses Payson ,(1868).Life Scenes among the Mountains of Ararat . Boston.

Perkins, Justin,(1840). Residence of Eight Years in Peraia among Nestorian Christians with Notices of the Muhammedans ,Newyuoek.
Strong, William E. ,(1910). The Story of the American Board , Boston.
Wilson ,S.G. ,( 1895 )Pirsian Life and Customs ,Chicago .

## چوارەم: گۆڤارەكان

Barton,James L. ,( 1906). One Hundred Years of American Foreign Missions :an Interpretation , The North American Review, Vol 183 ,No 601,oct ,19
Benjamin, S.G.W. ,(1886). Persia and Persians ,J. A. G. S , of New york ,Vol.18.
Gallitte, Mirella , (2001). Kurdish cities through the eyes of their european visitors , oriente modern,nuova serie,anno 20 (81) ,quaderni di, ORIENTE MODERNO 3. LE RELAZIONI TRA ITALIA E KURDISTAN .
McDowell,E. W. ,(1911) .The Ancient Nestorian Church and its Present Influence in Kurdistan , The Journal of Race Development ,Vol 2, No 1 , jul.
Oussani, Gabriel ,( 1901 ) .the modern chaldeans and Nestorian , and the study of syriac among them ,journal of the American oriental society ,vol 22. ,

## پێنجەم :رۆژنامەكان

The New York Times, 16 november ,1896

## تشويه صورة كورد وكوردستان في المصادر الامريكية مابين سنوات (1825–1914 )

**الخلاصة**

**كان الكرد دائما أحد الشعوب الذين كانوا موضع اهتمام التبشير الامريكى منذ بدايات وصولهم الى مناطق خاضعة للدولة العثمانية, وكتبوا عشرات المقالات والأبحاث و فضلا عن تسجيل مذكراتهم الشخصية و مشهداتهم الميدانية التي تتضمن بيانات هامة ومعلومات جديدة حول المناطق الكردية, حيث تعد تلك الكتابات مصدرا للتاريخ الاجتماعي والاقتصادي والسياسي للمنطقة، وتعد دراستنا هذه محاولة بحث في تلك المصادر و خاصة تقييم المعلومات التاريخية التى جاءة فيها و التى فيها تشويه تاريخي و بالتالي تتأثر سلبيا على الحقائق التأريخية وتكون لها دور في تشويه شخصية الفرد الكردي وكذلك الواقع التاريخي في تلك الفترة التاريخية .**

**يتكون البحث من خمسة محاور رئيسية , فالمحور الاول خاص بالتحدث عن وصول مبشرين الامريكيين الى مناطق الدولة العثمانية واهتماماتهم بالكرد وكذلك اعمالهم و كتاباتهم حول الكرد و المبحث الثاني يتناول التشويهات التي جاء في تلك المصادر حول الحياة الحضارية في كردستان و ابراز الشعب الكردي كشعب برى و غير حضارى , اما المحور الثالث فيتطرق الى ماجاء في تلك المصادر حول الكرد كشعب متعصب و دموي والمحور الرابع يناقش ماجاء في تلك المصادر حول الكرد كقطاع الطرق و ناهبين اما المحور الخامس والاخير فيتناول بعض من الاخطاء التاريخية التى جاء في تلك المصادر حول تاريخ الكرد.**

***الكلمات الدالة:*** المصادر الامريكية، صورة الكرد


saman.abdullah@univsul.edu.iq

گوڤارا زانکویا دهوك، پەربەندا:24، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وکومەلناسی)، بپ 1- 24، 2021 (ژمارەکا تایبەت)
کونفرانسیێ زانستی یێ نیڤدەولەتی یێ دوویێ، پشکا مێژوو–کولیژا زانستێن مروڤایەتی–زانکویا دهوك–رێکەفتی24-25 شوبات،2021

# AMERICAN HISTORICAL RECORDINGS AND DISTORTING THE IMAGE OF KURDS AND KURDISTAN (1825-1925)

**S**AMAN **H**USSIEN **A**HMED
Dept. of Social Sciences, Faculty of Basic Education, University of Sulaimani, Kurdistan Region-Iraq

**ABSTRACT**

**After the year 1822, when the first group of American missionaries visited the regions that were under rule of Ottoman Empire, Kurds as a nation would always be among those who drew the attention and of those scholars and travelers. These western missionaries recorded journalistic studies, wrote papers and conducted researches, which is why most of their recorded entries were about the Kurds who lived at the time, where the lives of Kurds and Kurdistan, the character of Kurds were all demonstrated and analyzed.**

**Moreover, most of the incidents were recorded in their entries alongside recorded information and opinion pieces, which serve as invaluable resources about the economic, social and political history of the Kurds.**

**However, these recordings and sources have not yet been given considerations by modern Kurds nor have they been any analysis or publications about them .**

**This research paper, therefore, is an attempt to study these historical recordings written by the missionaries and scholars. It also evaluates the information found in these historic recordings, in particular, the parts where there are distortion of truth and reality of the time and negatively impacts the historic aspects and the roles and the character of Kurds as individuals, as well as the reality of that historical period.**

**There are five important pillars to this research paper, which are the following: the first of which sheds light on the arrival of the first American to Kurdistan and their recordings and writings they produced as a result of their settlement in the region .**

**Whereas the second aspect of this paper is concerned with the misrepresentations of the Kurdish culture and Kurdistan civilization which depict the Kurds as a brutes and uncultured nation, the third pillar of this scholarly work examines, in scrutiny, the information in those recordings that depicts Kurds as a violent, extremist and brutal nation. The fourth pillar would be to discuss the recordings that showed Kurds as bandits of raiders and looters. The last and the fifth aspect of this analytical paper deals with some major historical mistakes that had been recorded against the history of Kurds as a nation.**

***KEY WORDS:*** U.S. Sources, Distortion, Kurd, Image

saman.abdullah@univsul.edu.iq